# دەسڕێژی سێو

## شیعر

**فەرەیدون پێنجوێنی**



- ناوی کتێب : دەسرێژی سێو
- نوسینی : فەرەیدون پێنجوێنی
- بابەت : شیعر
- چاپی یەکەم :
- تیراژ :
- ژمارەی سپاردن :
- کۆمپیوتەرو مۆنتاژ : سەیران عبدالرحمن
- چاپخانەی :

# راوچیی ئەستێران

دڵێکم
خۆی خزاندۆتە پشت ـ با ـ وە
بەتەمایە لەم کۆڵانەوە تێپەڕێ
ئەم کۆڵانە بنبەستەی
سەدەها جار رۆژگار ملی پێوەناوەو
پاشەو پاش
لێی کشاوەتەوە دواوە
لەسەر قسە تەڕو پاراوەکانی وێنجە بانگم لێکرد :
ئەی دڵێکم لە پشت ـ با ـ وە
بگەڕێوە
بەڵکو بتوانم شەوێکیان بەم دارلاستیکە سەگەم
ئەستێرەیەکی رەشی درەوشاوەت بۆ بکوژم
بگەڕێوە
بەڵکو بتوانم شەوێکیان
بەتاکێك لەم خەونە دڕاوانەی بەسەر پێمەوە ناوەستن
دانەیەك لەو جریوە مێخۆش و نزمانەت بۆ بەردەمەوە خوارێ
کە بەئاسمانی مناڵیممەوە شك دەبردن
بگەڕێوە
ئەم عومرە بەئاسانی لە پشت ـ با ـ وە بەسەر نابرێ
ئەو پەڵبە پێ لەگەڵ خوڕەی نەزیفی
داڵغە رەنگپەڕیوەکانی پەنجەرەدا
بەهەمو مندا هەڵژنا
یەك بەیەکی رەنگی
ئەو ئاوە تەڕو هەزار رەنگانەی
سەر بەرەو خوار
لەبەینی قەفەزەی سنگی خەیاڵمەوە تێدە پەڕین
لەژێر پێیدا تویێخیان هەڵدا
دانە بەدانەی رۆژە لارەملەکانم
لەخورپەی ئەو
بەناو قەدی باڵەخانەکانی مردنەوە
تاس بردنیەوەو

نەگەیشتن ئەوەندە هەڵکشێن
کە هیچ نەبێ نیوەو ناچڵ
لەتی خوارەوەی فەزای خەونەکانم رۆشن بکەنەوە

دڵێکم
خۆی خزاندۆتە پشت خوڕەی هەنارەوە
لەوەکیلیی دڵێکی ترمەوە پێم وت : بڕۆ
هیچ چەند کووڕە بەکووڕایی هەزاران هیچا هەڵزنێ
هەزارەها یارد ئێوارە
لەبرینی ئەم درەختی سەر شۆستانەوە بپێچە
ملیۆنەها مەتر شەو
بۆ بێتاقەتیی خۆت بە ئاگری جگەرە کونکونکە
بڕۆ بەشکم بتوانی
سۆراخێکی ئەو ئەستێرەیەم بۆ بکەی
کە شەوانە دەیپەڕاندمەوە بۆ ئەو بەرەوەی خوا
دوای خۆی دەخستم بۆ قوڵایی هیچ

ئەی دڵێکم لە پشت خوڕەی هەنارەوە
من لێرە سەد دڵم حەوسەڵەیان نەما تەقین
سەد دڵم لەناو بێستانە چوختی و بەرەڵڵاکاندا چۆلەکە خواردنی
سەدی دیم لەڕاوە ئەستێرەدا سوان
راوە ئەستێرەی من وەك راوە چۆلەکە نەبو
راوە ئەستێرەی من وەك راوە کچ نەبو
شەوی سەدان ئەستێرەم
بەدارلاستیکێکی سەگ بەردەدایەوە خوارێ
هەزارجار ئەستێرەی دوورم بە ئاسمانەوە بەرداوەتەوە ناو دەریا
هەزار جار ئەستێرەی نزیکم بەسەر درەختەوە بەرداوەتەوە ناو ئاگر
هەزار جار ئەستێرەی چەتونم بەگوێی کچانەوە تەقاندۆتەوە
ئەستێرەم لەبندەستی مانگدا فڕاندوەو بەدزیی باوکمەوە
لەژوری سەلاجەو نوێن و قاڵی و قەنەفەکانماندا
سەلاجەو نوێن و قاڵی و قەنەفەی خۆمان نا
هینەکانی تەپ و تۆزی رۆژگارو یەئس و غەریبی
کچانم پێ شێت کردوە
شەکرم پێ ژێر کردۆتەوە
کە هەزار جار لەسەر ئاگر قوڵپی گریانیان پێداوە
دەیانجار لەژیانما

ڕوی ڕۆشنای ئەستێرەم کردۆتە قەبری خۆم
چەندینجار ئەستێرەم لەناو پەڕەی گوڵدا حەشارداوە
لەژێر گەڵای چەندین پایزو بەهاردا
ئەستێرەی برینداری شاردۆتەوە
دواجار ڕێم نەبردۆتەوە سەر هیچیان
ئەمێستا هەواڵیان نازانم
ئەی دڵێکم لە پشت ویقاری مەرگەوە
بڕۆ بەشکم بتوانی
سۆراخێکی ئەو ئەستێرەیەم بۆ بکەی کە شەوانە
دوای خۆی دەخستم بۆ خۆراوای گەردون
دەستی دەگرتم بۆ ئەو بەرەوەی خوا
سەری پێ دەبردمە ژورەوەی هیچ
ژورەوەی روناکترین و هیچترین هیچ
زۆر دەترسم جارێکیان بەیەکجاری کوشتبێتم
بڕۆ
دەرگای ئێشی هەمو شوتیەکان بتاقێنەرەوە
سەری برینی هەمو تەنەکە خوێنەکان واڵاکە
ناو سك و ریخۆڵەی سێبەرەکان رادە
بزانە بۆچی
پەڵە سێبەری ئەم هەمو درەختە پاو پوز ئەستورانە
لەبەر چاوما وەکو پەڵەی خوێن دەنوێنن

ئەی دڵێکم لە پشت ویقاری خوایەتیەوە
لەوەکیلیی دڵێکی گوناهبارەوە تکات لێدەکەم :
جارێکیان کە لەبندەستی یەکێك لەگاکانی فیلدا ڕاکشابوم
چەند ئەستێرەیەکم بەکوشتن کوشت
بڕۆ بەشکم بیانناسیتەوە کام وکام بون
بڕۆ بەشکم بتوانی
لەخەونی هاڕدراوی مازو دەرمانێکم بۆ چێکەی
پەڵەی خوێنی ئەو ئەستێرە کوژراوانە
لە پێستی خوێنم کاتەوە
تۆ بڕۆ من لێرە سەد دڵی دیم هەیە
دڵم هەیە بەدوباز دەگاتە مردن
دڵم هەیە بەخاوبونەوەی دەماری ماسولکەیەکی چڵێسم
دەگاتە قوڵپی گریان
هەمە بەماچێ دەگاتە قوڵایی بێهودەیی کچ

هەمە ئارەزو بکا
بەیەک هەناسەی درەخت دەگاتە پێرارەکەی خوێن
برۆ بەشکم تۆیانم فێرببی بەعومرێک بگەیتە ئاو
ئاوێک نا کە توێخ بە پشتیەوە نەماوە
بەشکم تۆیانم فێرببی بەکۆترێک بگەیتە سێو
سێوێک نا کەخوێنەکەی سەد توێخی هەڵداوە

ئەی دڵێکم لەباخەڵی ساردی بادا
وێنجەی تەڕپۆش زۆر زۆر سەلامت لێدەکا
دەڵێ : بگەڕێوە ماچ ماچی خوایە
ئەگەر بۆ ماچ داماوە ماچ بەشی هەموکەس هەیە
دەڵێ : خوا موڵکی فەرزەندەکانی خۆیەتی
گەرگەورەیی لەخوا دەوێ
گەورەیی ئەو پێشکەش بەفەرزەندەکانی
دەڵێ : بگەڕێوە
ئەم گەنجێتی‌یە وا ئاسان
لەباخەڵی ساردی بادا ناگوزەرێ
بەڵام من ئەی دڵێکم لە پشت خوڕەی هەنارەوە
لەوەکیلیی دڵێکی پاکمەوە پێت دەڵێم : تکایە برۆ
گەورەییت ویست لەخۆت بوێ
کەگەورەیی هەمو دنیا
هەروەکو من لەقەبرێکی بچوک زیاتر جێگە ناگرێ
برۆ ئەم کێڵگە مۆسیقا مەلغومە جێبێڵە
بەم گەردەلولەدا هەڵزنێ بۆ ئاسمان
لەم نەورەسە لێژەوە بفڕە بەباڵ
برۆ لای خوا پێی بڵێ : گلەیی بێت
لەناو کوردەکانیا هەیە لەسەر گوڵ دەخەوێ
هەیە لەسەر گڵ دەخەوێ
گاخۆر هەیەو گیاخۆر هەیە
کەچی
هەمو هەر یەک تام و بۆن و
یەک دڵ و یەک دینیان هەیە
پێی بڵێ کەوابو
بۆچی هەقەتی گشتیانی هەر بەبارگیر دروست نەکرد

برۆ لای حەوا پێی بڵێ : گلەیی بێت

کچەکانی نرخیان لەسەر پرزۆڵ بە پرزۆڵی لەشیان
دانـاوەو
سەد جەژن جارێ
کوتە گۆشتێکی لاڕانیان لەڕاهی خوا
نانێنە مشتی گیاخۆرێ

بڕۆ لای ئادەم پێی بڵێ : گلەیی بێت
بەشە موڵکەکانی خوا لەکوردستان
هەموی کوڕەکانی ئەو
لەخوێنی عەقڵ و عەتفدا غەرقیان کرد

ئەی دڵێکی بێئۆقرەم لە پشت کرێوەی خوێنمەوە
لەوەکیلیی دڵێکی گوساختزمەوە تکات لێدەکەم بڕۆ
من لێرە سەد دڵم حەوسەڵەیان نەما تەقین
سەد دڵم لەناو بێستانە چوختی و بەرەڵلاکاندا چۆلەکە خواردنی
سەدی دیم لەڕاوە ئەستێرەدا سوان
تۆ بڕۆ دەربازبە من لێرە سەد دڵی دیم هەیە
دڵم هەیە تۆ لەوپەڕی ـ با ـ بی بەدوباز پێت دەگاتەوە
دڵم هەیە لەو پەڕی مردنبی بەدو هەنگاو پێش خەیاڵت دەداتەوە
تۆ بڕۆ من لێرە دەست دەکەمەوە بەڕاوە ئەستێران
بەڵکو بتوانم شەوێکیان چەند جۆگەیەك
لەسەر ئەم تاریکاییە هەڵبگرم
بەڵکو ئەم تاریکاییە لەتاریکی چۆڕە بڕکەم
چاوی ئاو رۆشنکەمەوە
بەشکم شەوێك دەمم گۆکا
ماچێکی تەنگەنەفەس باومەوە ناو
فیشەکدانی دارلاستیکە سەگەکەم و
دانەیەك لەو لەتکە تریفانەت بۆ بەردەمەوە خوارێ
کە زەمانی نزمبونەوەکەی خوا
شین شین بە ئاسمانی پێنجوێنەوە
وەك قوڵپی منداڵی دەیانجریواند
دانەیەك لەو لەتکە هەنجیرانەت بۆ بەردەمەوە خوارێ
کە زەمانی رۆشنبونەوەکەی خوێنی ئاو
گەش گەش لەڕاست سەری دڵێکمەوە
وەك قوڵپی نور
بەرز دەبونەوەو

دەڕژانەوە خوارێ بەسەرما
بەشکم بتوانم شەوێکیان
پیاسەیەکی ئەو زەمانەیەت پێبکەم کە تیایدا بەرد
پێشئەوەی بەیەکجاری لەسەرمادا رەقبێتەوە
لەماوەی پشتهەڵکردنێکی کورتی رۆژگاردا بۆ یەك دەقە
تەواو وەك ئاو رۆشن بۆوەو
لەدرزی دڵی خواوە جۆگەلەی بەست

ئەی دڵێکم لە پشت دڵەکوتێی باروتەوە
دنیابو ئەگەر ژیانت هاتەڕێ
لەوەکیلیی منەوە دەستەکانی ماچکەو بڵێ :
راوچیی ئەستێران دەیوت :
پەڕیوەتە کوێ ؟ چیی لێهات ؟
بڵێ دەیوت :
ئەوەندە غەریبیی دەکەم
وەگێرم کەوێ
لەتاوا بەکوشتن دەیکوژم

□□□□ سلێمانی

# پێدەشتی پێکەنین

با هات
مشتی قاقای لێ فڕاندی
بەهار هات بناری ئاسمان
پڕ بو لەگوڵی عەنتیکە
لەوساوە ئەو ناوچەیەی
تۆوی خەندەتی لێ شینبێ
پێی دەڵێن: پێدەشتی پێکەنین

بژنەوە هێی دایکە خڕیلەکەم
حەکایەتی سەرهەڵدانی جەژنی قوربان و
ئەو ئاهەنگەی
تیایدا کائیناتی بەهار
خۆیان سازدەدەن بۆ فێستیڤاڵی رەنگ :
بێرەدا کوڕی نیاندەرتاڵ پەڕییەوە ئەوبەر قسە
بۆ ئێرە سەمەن کافرۆش هاتەوە ئەمبەری بەهار
بەم هێڵە سوریالییەدا شەمەندەفەر
نابیناکانی سوار دەکرد بۆ سەردانی ئەوەڵ سەحەر
لەم بەرزاییانەوە
بەرخی چەم بەردەبونەوە قوڵایی هەناسە

چەچەکانتم دەوێ دایکە سێویلەکەم
روت بەرەوەو چەچەکانتم دەوێ
منی حافز لەمست نەکەم
حاڵی نابم لەو ئایەتانەی
لەسەر سینەت نوسراونەوە
لەمست نەکەم تێناگەم بۆچی خوا
ئەوەندە عیلمی نەدامێ
بزانم چ خاکێ دەبێ بەناوونیشانم

من بۆ ئەم دو چاوەم
دەچمە سەردانی پزیشکی دڵ
تۆ بەو خەیاڵەوە
پێدەشتی پێکەنین رەسمکە

بژنەوە هێی دایکە خڕیلەکەم
حەکایەتی سەرهەڵدانی جەژنی قوربان و
ئەو ئاهەنگەی
تیایدا کائیناتی بەهار
خۆیان ساز دەدەن بۆ فێستیڤاڵی ڕەنگ :
لەم پێدەشتەدا
گریان و
دڵەخورپێ و
هەمو تۆنە جیاجیاکانی تری پێکەنین
لەخاك ڕەخسین
لەو بەزمەدا
یەکەمین پێغەمبەری خوا , بێ ئومێد
بەدێڕەکانی کتێبەکەیدا
نێردرایەوە بۆ تەگبیرێکی نوێ
لەو چرکەساتەوە
میلی سەعات
کەوتە ژمارەکردنی هەناسەدانی گوڵ وگیا
چەچەکانتم دەوێ دایکە سێویلەکەم
نەرم نەرم ڕۆنیشە سەرخاك و
چەچەکانتم دەوێ
کوڕی نیاندەرتاڵ هەر سەری نایە سەر دەستت
لەحزەیێ دەچێتە مێوانیی مردن و دێتەوە
تا بزانێ لەتۆ بوە یان لەدایکی
تا بزانێ کوڕی باوکیەتی یا هی سەگ

سەرکەوە بەم کۆڵانە تەسکەی دڵما
کە ئەمبەری خەمەو ئەو بەری خەم
خوا خۆی دەزانێ
بەم ڕێچکەیەدابو گەیشتە گەورەیی

هەڵزنێ بەم شەوە خەتەرەی بالاما
کە ئەمبەری مینەو ئەوبەری مین
عالەم دەزانێ بەم تەڵەزگەیەدا
وەنەوشە گەیشتە پێدەشتی پێکەنین

چەچەکانتم دەیێ دایکە سێویلەکەم
چاوەکانت لێکنێ و چەچەکانتم دەیێ
ئەوەندەی چاوت کردەوە
دەبینی
ئەم دەڤەرە نیشتۆتە رەنگ
دەبینی
خوا لە پشتێنە سەوزەکەی
موفەڕکی رازێکی بۆ دادڕیوین
پێیەوە
بەگەردەلولی رەنگەکانڎا تێپەڕ دەبین و
دەگەینەوە باوەشی خۆی
پێیەوە
بەڕستی قسە جوانەکانا دێینەوەو
گەیشتوینەوە باوەشی خۆی

□□□□ سلێمانی

# گەردەلولی رەنگ

روبار کچە قەرەجێکی وردەواڵە فرۆش بو
لەڕوناکاییەکانی ئەودیوی جوگرافیاوە
بەجریوە جریو هاتە ئێرە
لە پێڕی هەر مەخلوقاتێ
دانە یەکی پێبو بۆ فرۆش
پیرێژنی فرۆشت بەسەگێکی زۆرزان
بە پارەی ئەو گسکێکی کۆتەرەی کڕی
پیرە پیاوی فرۆشت بەزۆ پایەکی دار
بە پارەی ئەم تەمەڵیی لەشەوی زستان و
گێلیی لەمناڵانی مەنغۆلی کڕی
پیرەژن و پیرە پیاو هەر ئەوەندەیان دەهێنا
چونکە تەنها دیکتاتۆرێکیان پێمابو
خستیانەوەو کردیان بەڕیشی خەڵکەوە

کچە قەرەج
شەکری فرۆشت بەهەرزاڵێ
هەرزاڵ ترێ و مێوژو سێبەری لێ دروست کرد
گۆرانیی فرۆشت
بە تولەڕێی گوندە شاخاویەکان
تولەڕێ پاش ئەوە
وڵاغارەکانی نەدەخست بەسەر کەمیندا

روبار کچە قەرەجێکی دەڵاڵ بو
جلەکانی ژێرەوەی خۆیی پێگۆڕیمەوە بەدڵم
ئەونەی نەبرد لەتاو دڵم
تەماشام رەدوی روبار کەوت
کچە قەرەج
دەیزانی تەماشا چەند بەسودە
دەیزانی لەخورپەی تەماشا
چۆن بەردەبمەوە ناو گەردەلولی رەنگ و
بەخەیاڵی تەماشا
چۆن رەسمی جریوە دەکێشم

روبار پەنجەرەی ژورەکەی هەڵتەکاندم
نەیدەزانی رۆژانە پەنجەرە چۆن روتی دەکردمەوەو
چەند ئاسمان سرورو ئاوەدانیی رادەکێشا ژورێ
نەیدەزانی شەوانە پەنجەرە چۆن سەری دەدۆزیم و
چەند سەربوردەی خۆشی بۆ دەگێڕامەوە
هەنوکە لەبەری گوڵ
نیو پێك ئاوی رەوان شکدەبەم
بەلێوبزواندنی دیکتاتۆر
لەرز دەیگرێ و لاردەبێتەوە
ئەمێستا ترساوم دیکتاتۆر
بکاتەوە سەر ئەم هەرێمە بۆ رەو
بۆیە دوای روبار کەوتوم
کەچی دەڵێن : روبار چۆتە ماڵی با
ترساوم ماڵی گۆران
بکەنەوە بەموختەبەری کیمیا
بۆیە دوای روبار کەوتوم
کەچی دەڵێن : روبار چۆتە ماڵی خوا
ئەمێستاکە کە ئاگر چۆتە گیانم
بەدوای روباردا وێڵم
کەچی دەڵێن : روبار چۆتە ماڵی دوپشك
کە لەنێوانی گریان و پێکەنیندا دۆش داماوم
لەنێوانی شەو و رۆژدا خلیسکاوم
لەنێوانی خۆم و خوادا دودڵ کەوتوم
بەدوای روباردا وێڵم
چونکە دایکم فێری کردوم
لەنێوانی من و هەر داڵغەیەکدا
لەنێوانی من و هەر یادگارێکدا
لەنێوانی من و هەر ژنێکی نامەحرەمدا
لەنێوانی من و هەر ریشسپیەیەکی بەتەگبیردا
روبار بەهەمو جریوەو چۆلەکەکانی سەریەوە
بەگشت چاو و راوێکییەوە لەبەینداب ێ
کەچی واجارێ دەڵێن : روبار چۆتە خۆشۆشتنێ

روبار کچە قەرەجێکی وردەواڵە فرۆش بو
لەڕوناکاییەکانی ئەودیوی جوگرافیاوە
بەجریوە جریو هاتە ئێرە

چونکە هێشتا زمانی پاك نەبوبۆوە
لەجیاتی بڵێ : پرتەقاڵ
هاواری دەکرد : تر پەقاڵ
لە پێڕی هەر مەخلوقاتێ دانەیەکی پێبو بۆ فرۆش
کتێبی گۆڕیبیەوە بەگوێگرتن
ڕەسمی گۆڕیبیەوە بەزەوقی ساغ
زەنگیانە بە پولەکەو
شانە بەعانەو
فاڵ بەبەختێکی باش

روبار کچە قەرەجێکی ئۆینباز بو
شەڕی فرۆشت بەچاوی رەش
هەتا چاوی رەش بوێرێ
لەباخچە سەوزەکاندا هەڵچی لەعەشق
هێمنیی بەدەستە قاتێکی پیرانە
لەچنگی باوکم دەرهێنا
دایکمی لێسەندم بەچارەکەیەك رێواس و
بەرچنەیەك ترێ
هەنوکە لەبەری ئاو
شارێکی دو نهۆم شکدەبەم
بەچاوبزکردنەوەی لەتە پیاوێ
دادەوەشێ لەبەرپێمدا
ئەمێستا ترساوم پەنێکمان پێبەن تیایدا
بۆیە دوای روبار کەوتوم
کەچی دەڵێن : روبار لەشەڕ پێکراوە
ترساوم خوشکەکەم مارەکەن لەمام ورچ
بۆیە دوای روبارکەوتوم
کەچی دەڵێن : روبار چوە پا پوچ بکڕێ بۆ بەهاری
ترساوم لەبەرچاوی ئەو کچە عەیارەم رەشکەن
بۆ کوشتنم
بە پاشماوەی پەرداخەکەی دەمی من
لێوەکانی دەکوژاندەوە
بۆیە دوای روبار کەوتوم
کەچی دەڵێن : روبار بە پوزی ئەودا هەڵزناوە
ئەمێستاکە کە ئاگر بەربۆتە ماڵم
بەدوای روباردا وێڵم

کەچی دەڵێن : روبار وا لای
شاییەکەی خەج و سیامەندێ
خەریکی خەتخەتێنە

روبار کچە قەرەجێکی وردەواڵە فرۆش بو
لەڕوناکاییەکانی ئەودیوی جوگرافیاوە
بەجریوە جریو هاتە ئێرە
هەرکە لەژێر چاویەوە بەدیی کردم
سەری راتەکاندو
قژی فڕێدایە پاش خۆی
تا ئەوسا پیاوێکی لەمن دەمشڕتری نەدیبو
بەئاشکرا پێم وت :
قسەم لەگەڵ باوکم زۆیەو
باجیمم خۆش ناوێ
ژنەکەم پێنج شەش ساڵ لەمن گەورەتربو و
بەزۆر پێیان هێنام
وتی : دەستتم دەیە
دەستم دایە
ئاگرێکی چڕی لەسەر لە پی راستم کردەوە
وتی : ئەو دەستەکەی ترتم دەیە
ئەو دەستەکەی ترمم دایە
لەسەر لە پی چە پم زەماوەندێکی گەرمی
بۆ هەرچی درەختی ئەو ناوەبو ساز دا
دوایی لە پی راستمی
بەدەرزی هەنجن هەنجن کرد
کەچی بەقسەی خۆش لە پی چە پی کردمە خەو
پاشان لە پی راستی پڕکردم
لەهەناسەبڕکێ و تەزو
کەچی لە پی چە پی پڕکردم لەهەراو غەڵبەغەڵب
وتی : ئێستا چاوەکانت بنوقێنە
بەدەستی خۆی پەنجەکانی هەڵپێکام و
چاوم نوقاند
کە چاوم کردەوە
کچە قەرەج ماڵەکەمانی بری بو و
بۆی دەرچوبو
مایە پوچ دەستەکانم هەڵپچڕین

## پڕ پڕبون لەبیرەوەری

روبار کچە قەرەجێکی گیتارژەن بو
لەڕوناکاییەکانی ئەودیوی جوگرافیاوە
بەخۆبادان هاتە ئێرە
پیاوانی زۆر شاری فێرکرد چۆنچۆنی
ناوکی ژنانی دراوسێ بگرنەوە
ژنەکانی فێرکرد چۆن زات بکەن
بەڕوتی بێنە خەونی من
لەزۆر ماڵ لکی لاولاوەکانی گوێبانی
گرێ دا لەبنی ئاسمان
کچانی راهێنا چۆن لەسەر بەڕەو قاڵیچە
خەمەکانی قەیرەییان بنوسنەوە
بە ' با ' ی وت کە رێی کەوتە ناو لەوحەیەك
چی بکا تا لەبزاوتن نەکەوێ
بەدرەختی وت : کە باری گران بو
چۆن خۆی لار بکاتەوەو لەسێبەردا بەر بخا
تا کەڵکی رێبوارێ بگرێ
بەچاوشارکێ رێی کەوتە ماڵی مێرولە
ئیزنی لێخواست بیکا بە پاڵەوانی نوکتە

کچە قەرەج سەری کرد بەهەر دێیەکدا
لەڕێوە دەستنوێژی مەلای مزگەوتی شکاند
منداڵ بوم رێی کەوتە زێدی ئێمە
هەر کەسێکی لەخەودا گرت چەتاڵی کرد
چر پاندی بەگوێی کێ و کێدا
رۆژی دوایی دەرپێی پێدابو بەشانیا
بەکەیفی خۆی کەوتە ناتۆرە لێنان
ناوی کەیبانوی ماڵی کرد بەفامیلی گەڕەکێ
پاشتر کوڕەکانیانی
خستە سەر کەڵکەڵەی شەڕەسەگ و
کچەکانیانی فێری کوڵەگرتن کرد
درەنگانی شەوێ شوانی دێی
بردە سەرکانیەکەی خوار ئاوایی
لەوێ بەدەما خستیە ئەو ئاگرەوە
کە شوان خۆی کردبویەوە

ئیدی لەوە بەدوا
نەخۆشیی پەرکەمی خستە دێ
ڕۆژێکیش منی گرت
هەر بۆ پاشقول پێی فڕێدایە بەرپێم
بەڵام من بەو منداڵیەوە چی چاکەیەکم پێ کرا
دام بەدەمیەوەو بردی
ئەویش وەختێ ڕۆیشت گیتارەکەی لێجێماو
لەناو هەمو ئاوایی دا کەوتە دەست من

لەکوێیە روباری جوانکیلە
لەکوێیە خەونی بێوەیم
سەرێك بداو
بۆ گاڵتە فیتنەیەکی تر بنێتەوە
تیایدا بۆ یەکەمین جار خەڵکی لای ماڵی ئێمەوە
بکەونە ئەو تەرەفەی کە عایدی پێکەنینن
لەکوێیە روباری جوانکیلە
لەکوێیە خەونی بێوەیم
سەرێك بداو بۆ دواجار
بەختی هەمو ئەو کچە ڕێواسیانەی شارەکەم
کە لەتەنیایدا زمانیان فس بوە
بخوێنێتەوەو
پێیان بڵێ:
با گەردەلول و زریان
دەست لەیەخەی یەکدی بەردەن
با ڕۆژگار و زەخمی بیرەوەری
جۆگەیەك لەبەینا لێدەن
با شمشاڵ و لیوە سوتاوەکانی شنەبا
لە پرسەی شەهید بێنەوە
با خوێن و فرمێسك ماڵ لەیەکدی جوێکەنەوە
هەر هەموەکەیان شو دەکەن :
ئەویان بەبارانی عەسران و
ئەوی دی بەکۆترێکی موسافیرو
خوشکە تەوئەمەکەی روباری قەرەجیش بەمن

ئەمێستاکە
کە وەك شەوی قاچاغچییان پڕبوم لەگوێ

بەدوای روباردا وێڵم
گیتارەکەی و باوکم و
هەرشتێکی تری بوێ دەیدەمێ
یا دڵە سادەکەی جارانم یا دایکمم پێبباتەوە
کەچی وا جارێ دەڵێن : روبار چۆتە خۆشوشتنێ
کە وەك تولەی دەست منداڵێکی لاسار
بەدوای روباری قەرەجدا دەقروسکێنم
دەترسم ئامانەتیەکەی لام بزربێ و
نەگەم پێی بسپێرمەوە
کەچی واجارێ دەڵێن :
روبار
ئەمشەو
نایەتەوە

نیوەی یەکەمی مانگی [illegible]

# تاقەکەس

کەسێ کە شتێکی لەڕازانەوەی باخچە نەدەزانی
لە زەوییەکدا کە هەرگیز بۆ باخچە نەدەشیا
هەر بەهەمان ئەو مەقەستەش
کە توکی سنگی خۆی و
توکی زبری بەینی مەمکی ژنەکانی و
سەرو پرچی ژن و پیاوە کوڵکنەکانی گەڕەکی
پ ێدەتاشی
ژمارەیەك لەپەنجەکانی خۆیی
بڕییەوە و
لەگۆشەیەکدا قەڵەمی کردن
بەخەیاڵێکەوە
کە تەنها لەسەری قومارچییەکی وەك خۆیدا
ڕەنگی هەبو
منداڵێکی لەوێ
لەو پارچە زەوییەدا
کە پەنجەکانی خۆی تێدا قەڵەم کردن
ج ێهێشت
ئیدی لە پاش لەدایکبون و گەورەبونی منەوە
پێویستە لای عالەم مەعلومبێ :
بەشێکی زۆری ئەو درەختانەی
ژیانی مەردومیان پێوە بەندە
لەنەسەبی قامکەکانی باوکی منن

من کە شتێکم لە پاراستنی باخچە
نەدەزانی
لەزەوییەکدا کە هەرگیز بەکەڵکی خۆتیاکوشتن
یان خۆتیابەکوشتدان نەدەهات
هەر بەهەمان ئەو چەقۆیەی
کە قەت نەمدەتوانی پایسکلێکی پێ ڕەسمکەم
تا لەمسەری خەیاڵێکی کورتەوە
بۆ ئەوبەری جادەیەکی کورتتر
بەفیعلی سوارکۆڵیم بکا
کەوتمە هەڵکۆڵینی ناوەوەی خۆم و

هەڵکۆڵینی قەدی ئەو درەختانەی
پێویست بو بەیانیانێك
لەخۆیان بێنە دەرێ و زمان بگرن
ئێستا لە پاش گەورەبون و لەدایکبونی منەوە
پێویستە لای عالەم مەعلومبێ :
بەشێکی زۆری ئەو پەڕە سپیانەی
زمانیان بەکفر پڕاوە
بەشێکی زۆری ئەو درەختانەی
ئازاری مەردومیان لەقەد هەڵکۆڵراوە
لەنەسەبی قامکەکانی باوکی منن

کەسێ کە شتێ لەڕازانەوەی خەیاڵ نازانێ
لەزەوییەکدا کە لەوپەڕی عاقڵیدا
دەبریسکێتەوە
بەئامێرێکی جیاوازتر لەو مەقەستەی
کە باوکم
توکی سنگی خۆی و
توکی زبری بەینی مەمکی ژنەکانی و
سەرو پرچی ژن و پیاوە کولکنەکانی عەشرەتی
پ ێدەتاشی
پێشکەوتوتر لەو مەقەستەی
کە باوکم
ژمارەیەك لە پەنجەکانی خۆیی پێ بڕییەوەو
لەگۆشەیەکی ئەم دنیا پڕ لەجیاوازییەدا
قەڵەمی کردن
کەسێ کە شتێ لەڕازانەوەی خەیاڵ نازانێ
بەنیازێکەوە کە تەنها لەسەری خۆیدا
ڕەنگی هەیە
دێ دەکەوێتە بڕینەوەی قامکە نەحەساوەکانی من
پێویستە لە پاش لەدایکبون و گەورەبونی ئەوەوە
لای عالەم مەعلومبێ :
کە ئەو گەرچی باوکیشم حاشای لێبکا
بەڵام من هەرچۆنبێ بەفەرزەندی خۆمی دەزانم

نازانم بۆ باوکم وای کرد
نازانم بۆ من وادەکەم

نازانم ئەوەی سبەی دێ بۆ وادەکا

جارێکیان
پشتیەکەی ژێر سەرمم جولاند
نێرو مێی گشت دنیا لەگەڵ دەستی مندا
بەدەم خەوەوە پشتیەکانیان جولاند
هەڵسام شمشاڵێکم نا بەلالێومەوە
وەك جگەرەیەکی بێدوکەڵ کەوتمە کێشانی
هەر هەمو وایان کرد
چومەوە ناو جێگا چونەوە ناو جێگا
هەڵسامەوە هەڵسانەوە
پێکەنیم پێکەنین
خۆم داکەند
هەر هەمو نێرو مێ خۆیان روت کردەوە
کە عالەمم بەڕوتی دی
وەك ئەوەی دەنکە حەبێکی فەواربم و
لە پەرداخە ئاوێکی گچکەدا گیریان دابم
هەڵچوم و بەسەر خۆمدا رژام
بێئاگا دەستم کێشایە بەینی رانەکانم
پەلاماری ئەو کوتە گۆشتە تەڕەم دا
کە هەراسانی کردبوم
کوت کوتم کرد و فڕێم دا ئەو ناوە
نێرو مێی گشت دنیا وایان کرد
هەمو پێکەوە
بەدەم خەو و ئازار و لەزەتەوە
لەسارادا کەوتین
پاش ئەوەی من وردە وردە لەمردن گەڕامەوە
وردە وردە ئەوانیش
جموجوڵیان تێکەوت و هەڵسانەوە
هاوکات وەکو من
کەوتنە کۆکردنەوەی ئەو کوتە گۆشتە کەوتوانەی
کە تا ئەوسا لەبەرخۆردا هەڵدەقرچان
تەنها یەك کەس تاقەکەس ناوی بو
بەشی خۆیی هەر بەو جۆرەی کە بڕیبوی
لەسارادا بەجێهێشت و نەیویستەوە
' تاقەکەس' پێی وابو

خەتای ئەو کوتە گۆشتەیە نەیهێشتوە
تا ئەوسا لەلایەن خواوە بە پێغەمبەر قەبوڵ بکرێ و
ئەو نبووەتە حەڵاڵکا
کە گوایە راسپێردرابو شانی پیاکا
مەخابن ' تاقەکەس' بەرگەی ئەو ئازارەی نەگرت
چیرۆکەکە ماویەتی
بەهەرحاڵ تا ئێرەش
هەر خەڵك بەدوای منەوە بو

پاش ئەو کۆمیدیا خەمئامێزە
روانیمە خۆم بینیم
ئەمجارەیان من کەوتومەتە دوای خەڵك
گوێم لە تەقەی پەنجەی کەسێ دەبو
لەناو لا پەڕەکانی رۆمانێکەوە دەنگی دەهات
خێرا پەنجەکانی دەستم بێپرسی خۆم
لێك دەئاڵان و دەتەقین
مناڵێ لەڕەسمێکدا باوێشکی دەدا
هەر لەخۆوە منیش زارم لێك دەترازا
باڵدار کەڵکەڵەی سەفەریان دەکەوتە سەر
منیش ماخۆلان دەیگرتم
کچێکی جوانم دەبینی بەدخو دەبو
بەدەست خۆم نەبو بەدخو دەبوم
ئەمێستا پاش ئەو ئەزمونەش
هێشتاکە پێم وایە بەدخوبون تامێکی تیایە

بەڵام
پاش هەر هەمو کۆمیدیاو مەرگەساتەکان
بۆم دەرکەوت نهێنیەکە لەکەوندایە
بێئەوەی ئەمە وام لێبکا سوجدە بۆ کەون بەرم

کە شاخێ
گۆڕانکارییەك لەناو سکیدا دێ بەڕێوە
لەسەری مندا
جموجوڵ و گۆڕانکارییەکی جیۆلۆجی دێتە پێش
کە دەشبینی من لەچرکەیەکدا سەرم دەخورێ
بەڵگەیە بۆ ئەوەی

پەڵە هەورێ ' بەنمونە '
خەستبونەوە یان حاڵەتێکی پێچەوانەی ئەوەی
تیا روداوە

چاك ئاگاداری ئەوە نیم باوکم چلۆن تێدەفکری
نازانم بۆچی خۆیشم وا بیر دەکەمەوە
ناشزانم ئەوەی سبەی دێ چۆنچۆنی بیر دەکاتەوە
بەڵام پێویستە لای عالەم مەعلومبێ
بەشێکی زۆری ئەو درەختانەی
ژیانی مەردومیان پێوە بەندە
لەنەسەبی قامکەکانی باوکی منن
بەشێکی زۆری ئەو پەڕە سپیانەی
زمانیان بە کفر پژاوە
بەشێکی زۆری ئەو درەختانەی
ئازاری مەردومیان لەقەد هەڵکۆڵراوە
لەنەسەبی قامکەکانی باوکی منن
ئەوەش کە سبەینێ دێت و
بەخەیاڵێکەوە
کە تەنها لەسەری خۆیدا رەنگی هەیە
دەکەوێتە بڕینەوەی قامکە هیلاکەکانی من
گەرچییش باوکم حاشای لێکا
بەڵام من هەرچۆنبێ بەفەرزەندی خۆمی دەزانم

ئەمێستا لەداڵغەی مندا
ئەسپێکی عارەبانەدار پەیدا دەبێ نازانم بۆ
رەنگە ئێستا کەسێ یان درەختێ یان چیایەك
شتێ لەچەشنی ئەم داڵغەیەی من
لەناویا جوڵابێ
یان بجوڵێ و
پەیوەندیی نێوان من و سروشت بگاتە ئاستی
یەکتری سڕکردن
ئەمێستا لەداڵغەی مندا ئەسپێکی عارەبانەدار پەیدا دەبێ
باوکم و هەمو غایەلەو شت و مەکەکانی سەرم
لەگەڵ خۆی بار دەکاو دەڕواو
ئیدی کەسێ
کە شتێ لەڕازانەوەو

پاراستنی باخچە نازانێ
لەزەوییەکدا کە هەرگیز ژیانی تیا نییەو
بەکەڵکی خۆتیاکوشتن
یان خۆتیابەکوشتدان نایەت
بەتەنیا
سەر
دەنێتەوە

سەرەتای ئابی

# سەر هاژوشتن

پایسکلەکەم داژوم
ئەو شەقامە سوریالیەی دەگرمە بەر
کە ئەمسەری لەناوەندی دالغەمەوە دەست پێدەکاو
ئەوسەریشی لەغەیبدایە
بلوزێ دەکەمە بەرم
رەسمی ورچێکی گاڵتەجاڕی
پڕاو پڕ بە پێشەوەبێ
کە وەکو کچێکی موراهیق و جوانکیلە
روەو ئاسمان دەم و لچی هەڵقورچاندوە
پێکەوە
خۆم و ئەو ئارەزوە بێگوێیانەی
لەدڵما جێ بەخۆ ناگرن
خۆمو هەمو ئەو جریوە شەرابیانەی
بەسەر سەرمەوە هەڵنیشتون
خۆمو باڵای کورتی ئەو تفەنگە گاڵتینانەی
جار نا جارێ تەقەو
جار جارێکیش هەلوکێنم پێدەکردن
خۆمو رەسمێکی روتی ئەو چنارە تینوەی
پاش تەسقیف بون
ستیان و شۆرتە سورەکەی بەری خۆی
کرد بەبەیداخی شۆڕش
خۆم و پایسکلەکەم
کە لەمەعدەنێکی شلکی
وەك لاڕانی شەیتانە بەڕەحمەکانی خەونم
سازم داوە
خۆم و لوتو پوتی سەرئێشەکانم
خۆم و نرکەونالەی هەر چوار پەلی تینوم
پەروانەکانمان لەسەدلاوە بادەدەین و
تێدەتەقێنین
ئاوڕ لەو پەنجەرە دارین و قەدیمیانە نادەینەوە
کە لەسەدای تێپەڕبونمان هاڕە دەکەن
ئاوڕ لەو سەگە حیزەڵانە نادەینەوە
پاش ئێمە بەقەپ بەردەبنە دەستی خۆیان

کۆڵ بەو ڕۆژگارەوە هەڵناگرین
کە تولەمارەکانی هاوڕێمان
لەکایە قەرەباڵغەکاندا لەسەریان نەدەکردین

پایسکلەکەم داژوم
بێخەبەر لەوەی
چ لەزەتێکی روت و قوت
بەبەرچاوی عالەمەوە
لێوی پیاڵەکەمم پێدەکرۆژێ
چ بارانێکی شیری
بەتەنیا لەسەر من دەبارێ
دەڕۆم و
گوێ نادەمە ئالآی
وڵاتە خۆفرۆش و لەشفرۆشەکەم
کە هەمیشە
وەکو دەرپێی کچە تورتەکانی هۆلیود
داخزاوەتە بەرپێی
دەچریکێنم و
ناکەومە رودەربایسیی
هیچ مەجلیسێکی شەریف
مونحەریف لەتەگبیری
هەموو ریشسپیەی خەڵەفاوەکانی
بواری مۆسیقاو **خیتابەو***جەنگ و سێکس*
بەکونی هەمو شمشاڵێکدا دێم و دەچم
بەئاڕاستەی
هەمو ئەو نوقتەی خێلبونانەدا
با دەدەمەوە
کە بێخەبەر دەمبەنەوە ناو درزی
ئەو ئێش و ئازارانەی
کچانی هاوڕێم باخەڵی خۆیانیان لێ پڕپڕ کردوە
بەئارەزوی دڵم
کە وەکو پەرداخێ لەشەربەتی هەنار
کەف وکوڵی نیشتۆتە سەر
زار دەگرمەوە
بۆ ئەو دڵۆپە ئارەقە شیرینانەی
پاش هەڵسانەوە لەگیانەڵای وەختی یەکتر لێسانەوە

بەوردەموی لەشی
بوتڵە شەرابێکی مێینەی ساردۆبودا
دەخزێنە خوار

پایسکلەکەم داژوم
دەکەومە دوای ئەو دەزولە رەنگانەی
لەگوێنیی دڕاوی
سەرشانی حەماڵێکەوە هەڵدەڕژێن
بەرەو کۆشکێ وا لەوێ
لەبەر نوری تەوێڵە گەشەکەی دایکم و
خوایە میهرەبانەکەیدا دەچریسکێتەوە

دەچمە شەڕی ناوچە هەورازەکانی مەمك
شەڕی ئەو سەنگەرەی
کچان لە پشتیەوە خۆیان مەڵاس دەدەن بۆ گەمە
من دەترسم لێرە
لەشەڕێکی سەختا بپێکرێم
هەتا هەتایە رێ نەبەمەوە سەرخۆم
هەتا دنیایە
رێ نەبەمەوە سەر حەشارگەی
سینێیە چوکلێتەکەی جەژنانی منالّی
دەترسم تا خودا گەورەیی دەکا
شێوەی عەرشیم پێنەهێنرێتە بەر زەین

پایسکلەکەم داژوم
بێخەبەر لەوەی نیوەی بیرەوەریەکانم
لەدوتوێی کامە ژێرکراسی مارلین مۆنرۆدا جێماوە
من دەترسم
لەهەڵدانەوەی سەری ئەو باوەڵانەی
کە لەهەریەکەیاندا پارچەیەکی کفنەکەمم هەڵگرتوە
ئەو باوەڵانە
تازە ئیتر مار بەجێ و رێیان فێر بوە
دەترسم لەجوڵاندنی ئەو سەعاتانەی
هەریەکەیان لەسەری کارەساتێکمەوە خەوتون
ئەو سەعاتانە نامەی بەمینچێنراون
دەترسم لەتەماشاکردنی ئەو وێنانەی

که زۆربەیانم بە پێوەو بەمردویی گرتوە

پایسکلەکەم داژوم
دەکەومە دوای
ئەو ریزە مێرولانەی
باریان حیکمەتەو دەچنەوە بارەگای غەیب
دەکەومە دوای
ئەو روبارە پرتەقاڵیەی
زەمیلەکانی سەری پڕیانبو لەتۆپ و رەکتە
بۆ مناڵانی سەرشۆستە

پایسکلەکەم داژوم سەری خۆم دەشکێنم
پایسکلەکەم دەشکێنم سەری خۆم داژوم
مونحەریف لەتەگبیری
هەمو ریشسپیەی خەڵەفاوەکانی
بواری مۆسیقاو خیتابەو جەنگ و سێکس

# دەسرێژی سێو

ئەی تۆ
ئەی بارانترین تۆ
ئاسانە چواردەورت بەماچ بتەنم
تا دەستم لەمەچەکی وریاییت گیردەبێ و
تورت دەدەمە
پشت دەرگای مەتەڵێکەوە
مەتەڵێ کاتی خۆی
کە لەڕەحمی تەوتەمێکی میهرەباندا
چاوەڕێی زاییمان دەکرد
تەنیا جارێ هەڵمانهێناو
ئیدی نەهاتەوە بیرمان

ئەی تۆ
ئەی ئاسمانترین تۆ
پشت دەرگای مەتەڵ خۆشترە تا پشت دەرگای ئێرە
پشت دەرگای مەتەڵ گیاترە تا پشت دەرگای ئێرە
پشت دەرگای مەتەڵ هەورترە تا پشت دەرگای ئێرە
ئەوێندەر یەجگار وەك ئێرە ناخۆش نییە بۆ مردن
ئەوێندەر یەجگار وەك ئێرە ترسناك نییە بۆ ژیان

ئەی تۆ
ئەی چۆلەکەترین تۆ
دەبێ من هەرچۆنێ بوە ' تا لەدەستما نەخنکاون'
تۆو مەعنا بەخشندەکانی دیکەم لێرە دەرباز بکەم
ئێرە بۆ تەقاندنەوەیە
' دڵنیابە ئەوە بۆچونی
گشت دینامیتە فەیلەسوفەکانە'

من پێشئەوەی سوننی ڕوشد تەواو بکەم
' هەرکە سەری دایکمیان تەقاندەوە '
کەوتمە سەرکەڵکەڵەی تەقاندنەوەی ئێرە
پێشئەوەی بچمە
ژێر فەرمانی هیچ بەردێکی دەرەجەدار
چومە ژێر فەرمانی دایکم

دایکم وەختێ
پریشکی بەژن و بالآی چوبو بە ئاسمانداو
لەهەزاران لاوە خوای زەخمار کردبو
چەندین وشەی دەگمەنیشی لەدەمدا تەقیبونەوە
کە پاشتر بۆیان وەرگێڕامە سەر کوردیی نوسین و خوێندنەوە
تێگەیشتم وتبوی :
' خودایە ئێرە بتەقێنەرەوە '
ئەمێستا من دەبێ لەوەکیلیی خواوە
هەوڵ بدەم ئێرە بتەقێنمەوە

ئەی تۆ
ئەی گیاترین تۆ
ئاژەڵێکی کێوی
بۆ ئەوەی لەمەرزە گوێقولاغەکانی ئێرەوە
ئاودیوی لەحزەیەك ببێ لە ئێستا ئەمینتر
لەحزەیەك کە تیایدا بتوانێ بۆ دواجار
خۆی لەچاوی دەرتۆقیوی
تا پڕو ساچمەزەنە زۆڵەکانی
ئەم بەردەڵان و هەردانە غەیب بکاو
خۆ ساز بدا بۆ نغرۆکردنی ئێرە
خۆ ساز بدا بۆ نغرۆکردنی ئێستە
پێویستە تێروپڕ لەتۆدا بمرێ
تێروپڕ لەتۆدا بخنکێ
لەتۆدا تەقەتەق بکا
راوەستێ

ئەی تۆ
پەرداخێ بەقەبارەی بچکۆلەی خۆتەوە
نازانم ئەو هەمو بێستانە مەستییەت
ترنجاندبوە ' کەی' تەوە
وا ئاوەها لەوڕۆژەوەی
رژاویتە بەینی درزە وشکەکانی عەقیدەمەوە
تۆ بەردەوامی لەتەڕکردنم و
منیش وەك جاران عەقیدەم نایەشێ

هێندە نیگەرانی دەربازکردنی تۆو

مەعنا بەخشندەکانی دیکەم بوم
لەناو باروتخانەی
دەست و پەنجە تەوقیتکراوەکانمدا
سێبەشی خۆمم لێجێما
نەمپەرژا ئاورێ
لەو پێنج و دو فرسەتە میهرەبانانەی
مردن بدەمەوە
کە چەندەها خیابان لەدوای خۆمەوە جێمهێشتبون
نەمئاوزا قومێ ئاو
بۆ یەکێ لەو هەمو کفرە پێخاوس و ماندوانە جێبێلم
کە چەندەها کوچە لێیان دورکەوتبومەوە
فریا نەکەوتم
پەلی یەکێ لەو هەمو باخانە هەلکێشمەوە
کە بڕیار بو
لە پێناوی سەوزی گەل و نیشتماندا
بیانبەمە سەرکانی و
بەدەستمەوە لەم خوارانەوە هەلدێران
گوێم کەڕکرد
لەخۆشگۆیی و سادەیی
چەندەها قوتوە توتنی تەنیاو بیرتیژ
لەوانەی کە ئەگەر جارێ سلاوێکم لێکردبان
خوا عەفوی دەکردم
لەگوناهی خنکاندنی
هەزاران جارەی تۆ

هەر وتم : بەلکو پێڕابگەم
شەوێ بەروتی لەشولاری خۆم
پیشانی کوژانەوەی تاوێرە بەردێ بدەم
تا بزانم ئەو هەمو روشاوییەی
کە لەشێوەی مەرگێکی بێچوارچێوەدا
بەبزماری ملمەوە بەجێ مابون
جێگەنینۆکی موعاناتی تۆ بون
یا جێچڕنوکی درەختی کچی زیندانەوانێکی باخ بۆ خوا

هەر وتم : بەشکم جارێ بۆم رێکەوێ
تەلاشەبەردێکی پیرۆز

لەخوایەکی هەزارانساڵ موتەحەجیر دابتاشم
بۆ ئەوەی تەلیسمی ئەو جێگەدەستە سیحریانە
چنارێ ئەولاتر
بەسەر لەشی هەوەسمەوە بپارێزم

هەر وتم : بەڵکو
ڕەنگێکم دەسکەوێ بیکرۆژم
بۆ ئەوەی تەقسی ئەو عیبادەتە ناتەکنەلۆجیەە
لەچەند وەرزێکی بەرموسەڵانمدا
بەسەوزی ڕاگرم

هەر وتم : بەشکم
چلێ ئاو پەیداکەم لەخۆمدا شەتڵێکەم
بۆ ئەوەی جاروبار
چۆڕێ عەجولی لەماڵمدا هەبێ
بەمشتی خۆم
پێشکەشی میوانێکی مێینەی
ساڵەها کوژاوەی داماوی بکەم

ئەی بەفرترین تۆ
فێرمکە بزانم 'چی' م شتە
فێرمکە بزانم 'کوێ' م منە
فێرمکە بزانم 'کەی' م جوانە

پێم بڵێ : 'چی' م ژیانە
پێم بڵێ : 'کوێ' م فرمێسکمە
پێم بڵێ : ' کەی' م ڕۆژە

من هەرچەند گوێ لەخۆم دەگرم
پێموایە بەردترین زیندوم لەم قەبرەدا
من هەرچی سەیری خۆم دەکەم
پێموایە دەنگترین مردنم لەم ئاهەنگەدا
هەرچەند خۆم دەخوێنمەوە
دەبینم حەرفترین هیچم لەم داروخانەیەدا
چەند بەخۆمدا هەڵدەشاخێم
دەبینم دەرپێترین پێڵاوم لەم جامخانەیەدا

فێرمکە بزانم کام لایەم حەڵاڵە بۆ خواردن
با لەم سەرەنوێلکەی دەربێنمەوەو
خۆم بیخۆم نەوەك سەگ
کام لایەم قایمە بۆ لێدان
خۆم بیرازی بکەم نەك پاسەوانانی سنور
کام لایەم پیاوە بۆ برادەرێتی
با لەم گۆشەگیرییەی دەربازکەم و
خۆم هاوڕێتیی بکەم نەك شوشە

سازمکە بۆ نغرۆکردنی ئێرە
سازمکە بۆنغرۆکردنی ئێستە
ئێرە بۆ تەقاندنەوەیە
ئێستە بۆ تەقاندنەوەیە
دەبێ من هەرچۆنێ بوە تا پریشکی
هارە توندەکانی بەربونەوەی مەرگ
لەچاوما کوێری نەکردون
تۆو هەمو مەعنا بەخشندەکانی دیم
لە ئێستە دەربازکەم

ئەی تۆ
هێندە پەرۆش بوم رۆژێکی بزواو ببینم
کە هەمیشە هەر بە ئاراستە یەکدا رێ نەکا
کە هەمیشە هەر لەگردۆڵکەکانی بە یانیانەوە
دانەگەرێ بۆ گوێچەم و نشێویەکانی ئێواران
هێندە پەرۆش بوم جارێ
خوا لەدیمەنێکی جواندا ببینم
لە پێشاندا دانەدانە بەمەشخەڵ
مانگەشەوی هەردە چۆڵەکان داگیرسێنێ
ئەوجا بچێتە سەر سەرەی شارو دێ
هێندە پەرۆش بوم
هاوینێ کە هەزارەها ساڵە
بەدەست گرانە تاوە دەناڵێنێ
بە یەگجاری چیاو بێتەوەو قەزاوبەڵای هەموان ببا
هێندە پەرۆش بوم

تا هەتایە وەرزی خوێنجمانی هەنار
بەڕێگەیەکی کیمیاوی لەشوشەی دڵمدا بپارێزم
کاس بوم و
بەسەر سەری خۆمەوە
کەوتمە خوارەوەو هەلاهەلابوم
لەو رۆژەوە
ئازارێ بەهەمو لەتە شکاوەکانی بەدەنما دەگەڕاو
بەیەکجاری لەجێیەکما پێم لەمس نەدەکرا
تا پاشتر بۆم دەرکەوت :
ئەوە عەقیدەمە ژان دەکا

ئەی تۆ
ئاگرێکی شلوێ
بەگشت بێوەیی خۆتەوە
نازانم ئەو هەمو سێوەت
لەکام تلیاکخانە چنیبۆوە
وا لەو رۆژەوەی
عەقیدەمت داوەتە بەر دەسڕێژی سێو
تۆ بەردەوامی لەقانگدانم و
منیش وەك جاران عەقیدەم ناخورێ و گل ناکا

ئەی تۆ
ماچێکم بەرێ دەرگایەك ئەودیو مەتەڵ دەکەوی
دو ماچم بەرێ دو دەرگا ئەودیو مەتەڵ دەکەوی
دوسەد ماچم بەرێ
دوهەزار نوێژ ئەودیوی تلیاك دەکەوی
پشت دەرگای مەتەڵ گیاترە تا پشت دەرگای ئێرە
پشت دەرگای مەتەڵ ئاوترە تا پشت دەرگای ئێرە
لەوێندەر بێترس
دینمان دادەخزێنینە سەر بەرئەژنۆو
تا هیچ هیچمان تیا نامێنێ
دەکەوینە مژینی ( ع ە ق ی د ە ) ی یەکتر
خۆمان بەتاڵ بەتاڵ دەکەینەوە لەباوك
بەتاڵ بەتاڵ دەبینەوە لەکوردی خوا
پڕ دەبین لەهەورو چۆلەکەی سوریالی

ئێره دەتەقێنینەوە
دەیدەینە بەرکفری عەزیم
ئێستە دەتەقێنینەوە
دەیدەینە بەردەسڕێژی سێو
ئەوساکە دەبینی :
هەر سێوەو بۆ ئەبەد سینەی کچ دە پێکێ
دەبینی هەرکفرەو
سەدەها پریشك و پارچە کوردی
جوانجوانی لێدەبێتەوە

ئێره دەتەقێنینەوە
دەیدەینە بەرکفری عەزیم
ئێستە دەتەقێنینەوە
دەیدەینە بەردەسڕێژی سێو

سلێمانی

# لەتەکانی شعور

ئەو دو باریکە ڕێیەی
سەریان کردوە بەدو لوتکە تەمدا
هەردوکیان ڕێچکەی یەك گوندن
یەکیان دەتهێنێتە ناو قەڵای چاوەکانم
ئەوی دیکەیان دەتهێنێتەوە بەر پەنجەرەی
ئەم حاکمە فاشیلەی
خوێن بەری بینایی و پەنجەرەی گرتوە

داڵغەی کوێت لەسەرە
ئەی ئەو تارماییەی چاك شێوەت ناکەم لەدورەوە
بەڕەنگتا وادیارە ئێرەیی بی
ئاڕاستەی هەر بەیانیەك بگریتەبەر
کە دەکەوێتە پشت بیرەوەریەکانتەوەو
شتێکت تیا ونکردوە
یا دیوار بەدیوار
بەلارەلاری هەر ئێوارەیەکدا بێیەوە
دەگەیتەوە ئێرە ئەم گوندە
ئەم کەرەڤانە شێواوەی
لەگەڵ خۆم دەیبەمە گشت جێیەك
ئەم خومخانەیەی
زۆرجار لەژورەکەی مارلین مۆنرۆو
هەندێجار لەبەرئاگردانەکەی هەمزا تۆف و
هەمیشەش لەگۆڕی خۆم دەچێ

ئەی ئەو تارماییەی بەدەنگتا وادیارە
چڵێ توتڕکی ماندوبی
پێدەچێ گۆرانیە مزرەکانت
لەو شاخە دورانە هەڵوەریبن
من کە ئامێزم والایە
زێدەتر لەهەر شت
تەمای دڕك و داڵتم کردوە

لەشەوێکەوە من لێرە مونتەزیری تۆم

سەرەتای بەسەرهاتەکەی
بەبڕینی ئەو رایەڵە دەست پێدەکا
من و سەعادەتی ناو دایکمی
لەیەکتری گرێ دابو

بمگەرێ
لاشەی کوژراوی ئاوەدانیم بۆ بێنەوە
ناوەختانی شەوێ
دەستیان لەملم کردەوەو لەماڵەکەم بردیانە دەر
قورئانەکەی خوام لەدەستی رزگار بکە
دەنگی بەدەستمەوە خەڵتانی خوێن بوە

ئەی ئەو تارماییەی
بەڕێکردنتا وادیارە کچۆڵەیەکی پێکراوبی
وەختێ دێی دوعایەك بخوێنە
تا پێکانت لەخاك ببڕێن
بەخاکدا بێی قسەیەکت پێ نامێنێتەوە بۆ من
باڵەکانت لە ئاسمانی غەفڵەتیمدا
قایم بدە بەیەکدا
تا لەناوەندی ئاسمان رەت دەبی
بەناوەندی ئاسماندا بێی
پەنجەیەکت بەدەست و پێوە ناهێڵن
بیگریتە خوێنی دڵی من
بەدەم باڵەفڕێوە
ئەو دواین پێکە شەرابە هەڵدە
کە چیتر خوا بەدوایدا شەرابی حەرام کرد
تا هەزارجار پەلکەزێڕینە جێدێڵێ
وا نەبێ
سێوەکان بەچرچی دەگەیەنیتە دەستی من

لەشەوێکەوە من لێرە مونتەزیری تۆم
کۆتایی بەسەرهاتەکەی لەوێوە دەستپێدەکا
سەرم بەر رەقایی ئیقاعی هەراو زەنایەك کەوت و
لەخەو رابوم
بینیم هەم سەرو هەم ئیقاع
هاڕەیان کردۆتە بەرپێم

ئەمێستا لێگەڕێ تا دەگەی
لەتەکانی سەرم بچنمەوە :
ئەوە پەلی بوکەشوشەی کچەکەمە
بەدەستمەوە دەرهاتبو
ئەوەش پەلی کچەکەم خۆیەتی بەدەستمەوە دەرهاتبو
ئەوەیتر سکێچی ژنەکەمە بەڕوتی
لەدەسکردی خۆم
ئەوانەیتر
لەتوپەتی عەقدە جیاوازەکانی زەواج و تەڵاقن

ئەی ئەو تارماییەی بەقیافەتتدا
وادیارە کراسی خوایەکت خواستبێ
نازانم لەوسەری گوندە چە پەکەکەی تۆوە
یان لەمسەری گوندە چە پەکەکەی تۆوە
تاڤگەیەك لەگێلاس و
بەهارێك لەئاو دەرژێنە سەرمەوە
بارگاوی بەو خەمە شیرینچکانەی
زاری ماسۆشیەتم تەڕ دەکەن
ئەمێستا لێگەڕێ تا دەگەی
لەتەکانی سەرم لەم لا پەڕانەوە بپێچم :
ئەمە ئەو لەحزە شیرینەی بەشی خۆمە
لەکاغەزمەوە پێچاوە
رۆژێ لەڕۆژان من و گوڵێکی شەوبۆ
لەدەمەوە بۆ دەم
خزاندمانە ژێر زمانی یەکدی
ئەمەش خۆڵەمێشی ئەو شەریعەتەیە
مارەیی من و کەنارییەکی بەمێردی
لەیەکتری نەدەهێنا
پێکەوە بەباڵی گڕاوییەوە
دامان بەتەنیشتیاو سوتاندمان
ئەمەیتر
پوختەی را پۆرتێکە لەسەر دەست و دڵم
تەمایان کردبوە رومەت و هەناسەی مەحرەمێ
تا ئێستاش رۆشنایی مەچەکی
لەسەر کەمەرم جێماوە

ئەمەش منم
بەختیارتر لەمناڵێکی مەنغۆلی و
بەرەڵڵاتر لەڕوبار
وەختێ دەچمە ژێر داڵغەی ئەو ژنەی
دوەم ئۆکسیدی رەنگی دەدا یەوەو
درەنگانێ ئێوارە
کە شێتی دەخزێتە کونجی دڵان
بارانی لەگەڵ خۆی بردەوەو
یەکترمان بەتەنیایی خودا سپارد

ئەی ئەو تارماییەی
بەخەمی سەرتا وادیارە
بابایەکی رێھەڵەکردوبی
ئەو دوڕیانەی دودڵ تێیدا راماوی
هەردوکیان رێچکەی یەك گوندن
یەکیان دەتهێنێتە ناو قەڵای چاوەکانم
ئەوی دیکەیان دەتهێنێتەوە
بەر پەنجەرەی ئەم حاکمە فاشیلەی
خوێن بەری بینایی و پەنجەرەی گرتوە

داڵغەی کوێت لەسەرە
لەهەرگوڵێکی دەگمەنی ئەو سەرەڕێیە بپرسی
کە لەدەمی پشکۆوە هاتونەدەر
یا لەهەر شوانێکی پەپولە سەوزەکانی ئەو ناوە
پەنجە بۆ ئێرە رادەدێرێ
ئەم گوندە
ئەم بەردەلانێیەی
زۆر کچی دەشتەکیی لێوە تلبۆوەو
زۆر هاورێی ئازیزمی تیاکەوت بەسەر لوغما
ئەم خومخانەیەی
زۆر جار قەرەباڵغترە لەو ماڵە بەدناوانەی
کە باوکم سەریان پیادەکاو
هەندێجار سادەتر
لەدڵی ئەو کوڕە رەشتاڵەیەی
نامەی دڵداریی لەخوشکەکەی خۆیەوە
بۆ دەهێنام

من لێرە بۆ ئەوەی بگەمە ئۆرگازم
هەندێجار ئەوەندە بەسە
سەری خۆم بخورێنم
ببینم منالێکی دو سالانە
میزەلانێکی بەدەستەوە دەتەقێ و
لەترساندا پێدەکەنێ
ئەوەندە بەسە
لەبن شاتویەکدا بوەستم و
ماچێکی مزری لێ بەربیێتەوە
بدا بەڕومەتما
ببینم
کاتێ وەهمێ دە پەڕێتە چایەکەی دەستمەوە
لە پێکەنیندا دەخنکێ
یا کچێکی کوڕانی
لەوسەری قسە بێپەردەکانمەوە بێتەوە بۆ ئێرە

من لێرە بۆ ئەوەی بگەمە ئۆرگازم
هەندێجار تەنها ئەوەندە بەسە
تخوبی فەرمایشتە پیرۆزەکان ببەزێنم
ئەوندە بەسە لەحزەیەك
سانسۆر لەسەرجگەرە کێشانی برا گچکەکانم و
چۆنیەتیی خۆگۆڕینی خوشکەکانم هەڵگرم

من لێرە بۆ ئەوەی بگەمە ئۆرگازم
هەندێجار ئەوەندە بەسە
بەدەست و دڵی شکاوەوە لەدەرەوە بێمەوەو
بخزێمە کونجی دڵی پیاوە بەڕبەڕیەکەی ناخم
کە شێوەی موسافیرە نابەڵەدەکان ناکا
ئەوەندە بەسە بتوانم پەنجەکانم رابێنم
دەروژوری تاریکایی خوێنم بکەن
ببینم تەنافێ بەئازادی
جلەکانی ژێرەوەی شمشاڵێ بداتە بەرخۆر

ئەی ئەو تارماییەی
بەبالۆرە کۆنەکانتا وادیارە لەدوررا هاتبی

لەشەوێکەوە من لێرە مونتەزیری تۆم
دەریا لە پشت کۆمەڵێ تاشەبەردەوە راوەستابو
تا بزانێ بەگەیشتنت چ دەقەومێ
خوداوەند تیامابو
کاممان لە پێشا بنێرێ
گوێزە پوچەکانی عومر
لەشاخە عاسیەکانی فەنابونەوە هەڵڕێژێتە خوارێ
لەشەوێکەوە من لێرە مونتەزیری تۆم
' با' لەنەتیجەی
وەرزش و بەیەکادانی بەیانیانەی
ئەو سنگومەمکە سپیانەوە دروست دەبو
کە دەکرا لەجیاتێی پەنیر
بیانکەین بەتیکەی بەرچایی

ئەمێستا بڕوانە
چۆنچۆنی گوێزە پوچەکانی عومری تۆ
هەزارەها ساڵە خڕ دێنە خوارێ بەسەرما
بڕوانە بزانە
لەچەند هەزار لاوە سەرم شکاوە
ئەو بەردو تاشەبەردانەی ئاو تلیان دەدا
ئەوە لەتە گوناهبارەکانی سەرمن
ئەو چیلکەو چەوێڵە بێدایکانەی کەوتونەتە سەر ئاو
ئەوە لەتە بێگوناهەکانی سەرمن

ئەی ئەو تارماییەی
بەئێشێکدا کە دەیگەیەنی بەدڵم
پێدەچێ ئەوەندەت نەمابێ بۆ ئێرە
وادیارە چڵێ توتڕکی ماندوبی و
گۆرانیە مزرەکانت
لەو شاخە دورانە هەڵوەریبێ
من کە ئامێزیشم والایە
زێدەتر لەهەرشت تەمای دڕك و داڵتم کردوە

کە هاتی پێکەوە دەچین
ژورێ لەناوەڕاستی ئەم دنیایەدا
بەکرێ دەگرین هەر بۆ قسەکردن

هەزار دینار لەدۆست و برادەر قەرز دەکەین
بۆ بینین و لێکدانەوەی وشەکان
کە هاتی پێکەوە دەچینە بنەی خە پەکوێر
ئەو هاوڕێ زویرەم دەدۆزینەوە
کە قەرارە پێشمردن ئاشتەکەمەوە

ئەمێستا لێگەڕێ تا دەگەی
را پۆرتێ لەسەر خروقاتەکانی
کەرو کورتانەکەی بنوسم
بچم خەڵکی شار کۆکەمەوە بۆ گەردن ئازایی
لەوەی کچ و کوڕەکانیانم دەڵەکرد
زانستی پیاوە بەماریفەتەکان بدەمەوە بەخۆیان
کە هیچیان لەبەینی من و تۆ نەگۆڕی

لەشەوێکەوە من لێرە مونتەزیری تۆم
کۆتایی بەسەرهاتەکەی لەوێوە دەست پێدەکا
سەرم بەر رەقایی ئیقاعی هەراوزەنایەك کەوت و لەخەو رابوم
بینیم هەم سەرو هەم ئیقاع
هاڕەیان کردۆتە بەرپێم

ئەمێستا لێگەڕێ تا دەگەی
لەتەکانی سەرم لەم لا پەڕانەوە بپێچم
لێگەڕێ تا دەگەی
لەتەکانی سەرم
لەمەعنایەکەوە بپێچم

سلێمانی

# ڕێگاکانی دۆزەخ

ڕێگاکانی دۆزەخ مینرێژن
پڕ پڕن لەجێپێی پیاوی یەکلاق
ڕێگاکانی دۆزەخ درێژن
پڕن لەدەرگای سەرخۆش و بیانوگر
یەکەم دەرگای هەر لەمدنیا
لەبەردەمی ماڵمانەوە چارەنوسمان پەلکێش دەکا
ئاڕم و مارشی جۆراوجۆری حەڵواچییەکان
یەکەمینجار خستینیانە سەر ئەو ڕێیە

دۆزەخ لەبناری شاخەکانیا
نە چاخانە هەیە
نە کانی
نە سایدی گەڕانەوە
لەوێندەر کەم کەس بتوانێ لەگەڵ دەستی خۆی
بوخچەی پیرێژنە کاروانچییەکان دو هەنگاو هەڵگرێ

لەو ڕێیەدابوم
بۆنی یەکەم چۆرە سپێرمی ڕژاوی خۆمم وەبەر لوت کەوتەوە
بۆ ساتێ ئەو دەرگایەم هاتەوە بەرچاو
خۆشەویستەکانمی لێوە چون بۆ مردن
هەر بەعەینەن چاو بینیمن
لەدارستانی ناو لەوحەیەکەوە لەمردن دەهاتنەوە
لەکتێبەکانی دەستیان نوسرابو :
ژیان سینیی لگاوێکە
بۆ فشقیات گیانمانی لەسەر دادەنێین و
تەممان بۆ دەردەچێ
وەسێتیان بۆ کردم
بەجەنابی وەزیری کشتوکاڵ ڕاگەیەنم :
گۆڕینی سەرنجی بێوەژنە جوتیارەکان
بەرنامەی خۆیی پێدەوێ
هەروەها ڕایانسپاردم داوا بکەم :
چیتر مەعاشی مامۆستایان دوانەخرێ
تا قوتابیان بتوانن لەماڵەوە

هەواڵەکانمان بەهەڵە تەرجەمە نەکەن بۆ باوکیان

ڕێگاکانی دۆزەخ هەزاران چیرۆکنوسیان تێرژاوە
بەزمانی سوتاو حەکایەت دەگێڕنەوە
دەڵێن :
بەدمەستیی کیمیا لەوەدا دەرکەوت
کە بەسەر هەڵەبجەدا رشایەوە
بێماریفەتیی مێژو لەوەدا
کە جوگرافیا مەحکومی کرد
ریاکاریی کوردیش لەوەدا
کە دەمی لەروی قەدەری مەنغۆلیانەی خۆیدا داچەقاند

شەقامەکانی دۆزەخ
بەنێوەڕاستی ئارەزو و لە ئارەزوبونەوەدا راکشاون
پڕن لە پۆلیسی جلکەسك و زەردەمار
لەقەوانی فیشەك و لەهەناسەی تاساو

لەوێندەر دەنگ هەبو
قەزەمە قسەزانەکان حەماسەت بەرێدابن
دەنگ هەبو ئەو مەردومگەلەی
کابرا دەسخەڕۆی کردبون
پەشیمانبن لەسیاسەتی زویان
یارۆ گاڵتەی هاتبێ بەبێعەقڵیی ئەوانەی
کردیان بەخوا
خوا ئەوە نەبوبێ وا زلیان کردبو
لەوێندەر دەنگ هەبو
هەوییەی مەجلیسی ئەعلا نەخوا
مەسەلەکان ئەوە نەبوبن بێ پیاوکوشتن حەسم نەکرێن

لەو ڕێیەدابوم
بۆنی یەکەم چۆڕە سپێرمی رژاوی خۆمم وەبەر لوت کەوتەوە
بۆ ساتێ ئەو دەرگایەم هاتەوە بەرچاو
خۆشەویستەکانمی لێوە چون بۆ مردن
هەر بەعەینەن چاو بینیمن
لەدارستانی ناو لەوحەیەکەوە لەمردن دەهاتنەوە
بە پۆل جۆلەکەیان لەگەڵ خشەی پێدا

بەسەردا هەڵدەفڕی
چاوەکانیان پڕبون لەشەوقی درەخت
کەوشە جوانەکانی پێیان لەسێپەڕەی تەڕ چنرابون
لەنیوەی رێ
جوتجوت سواری پایسکل دەبون
بەشەکەی خۆیشم هەروەها هەڵهاتە بەردەمی کوڕێ
پێی وتم :
لەشەوقی چاوی ئەو کچە رامێنە کە دوای من خۆشت ویست
لەشەوقی گۆنای وەك سێوی ئەو کچە رامێنە
کە دوای من بەدوایدا گریای
لەڕوناکیخانەی
گوڵخانەی
مەعریفەتخانەی
ئەو دۆزەخە بەرینە رامێنە
دەزانی
لەگۆشەی هەر روناکییەك
خشتەی لێکدانێکم جێهێشتوە
هاوکێشەیەکی جەبریم جێهێشتوە
بەهەر جۆرێ شیکەیتەوە
دەگەیتە ئەوەی کە :
من زائید تۆ
دەمانکردە دو رێبواری لاقپەڕیوی رێگەی دۆزەخ
من ناقص تۆ
دەتکردە پۆزشهێنانەوەی سروشت

لەڕێگاکانی دۆزەخ بینیم
ئاو کچی خۆیی ئیغتیصاب کرد زۆر سانابو
ئاوەدانی ئەولادی خۆیی کوشت زۆر سانابو
بینیم
ئاسمان وردە وردە دەنیشتە سەر زەوی
درەختەکان تابێ لەکورتیبیان دەدا
چوارچێوەی پەنجەرەکان
رۆژ بەڕۆژ تەسکتر دەبونەوەو
پەنجەرەیان
وەك دەستەکانی من لەنێو لە پی ئاسنینی کارەساتدا
ئێسك و پروسك تێکدەشکاند

حیکایەتخوانەکان بەبێ ئیرادەی خۆیان
وەك بنێشتێکی شیرین زمانی خۆیان قوت دەدا
تۆبە لە پیاسەی ڕێی دۆزەخ
تۆبە لەسەیرانی کەنارەکانی دۆزەخ

لەوێ دەیانوت :
وەها نەبوکە دەوترا :
- پەنجە چیلکەوچەوێڵەکان
هەر بۆ تونچێتی خوڵقاون
- شۆڕش هەر موڵکی ئەو ئارمە جۆراوجۆرانەیە
کە لەژێرەوە گوریسیان بۆ هەڵخستوین
- جلەکانی ژێرەوەی سیسەمێ
هەر بۆ خوڵینەوە باشن
- گوڵ خوا ناوچاوی داوەتێ
- دایکم هەردەبو ئاخری بەگوللە بڕوا

لەو ڕێیەدا بوم
بیری یەکەم زۆڵێتیی خۆمم کەوتەوە
بۆ ساتێ ئەو کولانەیەم هاتەوە بەرچاوان
کە مریشکم لێدەفڕاند بەرەو حەمام
هەر بەعەینەن چاو
ئەو کولانەیە دەگەڕام
کە بیرم چوبۆوە وەختی جەنگی عێراق - ئێران
لەشەڕەتۆپی نێوان قوڕمساغەکانی دۆزەخدا خاپور بوە

منالەکانی هاوڕێم پێیان وتم :
دایکمان پێیان وایە بەرەڵڵامان بکەن نێر دەمانخوا
دایکی منالەکانی هاوڕێم پێیان وتم :
جێ و بالیفی ماڵ و منالمان
هەموی سیسرك تێیداون

ڕێگاکانی دۆزەخ
پڕن لەکولانەی روخاو و جێپێ سەگ
لەوێندەر منالان هێشتاکە خەریکی عەجولین
دایکەکان پێشئەوەی منالیان بخەون
دەچنە باخەڵی باوکی منالەکان

ڕێگاکانی دۆزەخ هەزاران چیرۆکنوسیان تێڕژاوە
بەزمانی سوتاو حەکەیات دەگێڕنەوە
دەڵێن :
- ماو قەرەجزادە بو
- ڕەنجی فەرهاد ئافەرینی هەڵنەدەگرت
- مرۆڤ دەیتوانی وەچە لە ئاژەڵ بخاتەوە
- دەکرا کۆڕەو بیبردینایەتەوە سەر ئوسترالیا
- کانیەکان بە پیسی هەڵدەقوڵێن
- پێغەمبەرەکانیان سوتاندبا ئایدز نەدەکەوتە ناومان

لە ئامۆژگاریەکانیاندا دەیانوت :
- کرێکارانی جیهان قەیرەکچەکانتان بدەن بەشو
- موسوڵمانان بەلۆعەی حەوزی مزگەوتەکان بەردەنەوە
- مامۆستاینە ئەو لا پەڕانەی ئەحیا تەرك مەکەن
قسەی قاچاغی گەنجانیان تیا هاتوە
- کچینە بنێشتی خۆتان بجون
- کوڕینە جگەرەی خۆتان بکێشن
- بە ئاشکرا گوێزان و موجەللەو
خەونە شەیتانیەکانتان بەرنە حەمام
- خۆشەویستی لەڕۆژی حەشرا ناکرێ
- مناڵێ ئەوەتا لەبنی بنەوەی دۆزەخا
بچن بەلایەوە ڕەنگە شتێکی لێدەرچێ

دەیانوت :
ئەوەی گەیاندینیە یەقین کە ئێرە دۆزەخە ئەوەبو
سەرەتا گوێبیست بوین کە ئێرە دۆزەخە
دوایی گوزەرمان کرد بەلای نێڵەنێڵی ئاگردا
دواتر بەم شێوەیە لەناویا سوتاین و
بوین بەکوتلەیەك ئاگری سارد

ڕێگاکانی دۆزەخ مینرێژن
پڕ پڕن لەجێپێی پیاوی سۆسوچ
ڕێگاکانی دۆزەخ درێژن
پڕن لەدەرگای نامەزمون
یەکەم دەرگای هەر لەمدنیا

لەبناری ملەخورددا لەکورد خراوەتە سەر پشت
پینەچیەکانی ئەنفال و
سکرابچیی ئیڤاکانی شەڕ
ئەخیرجار خستینیانە سەر ئەو ڕێیە

لەوێندەر دەڵێن :
ـ گەیشتن لەڕەزائییەوە ئاسانترە
دەڵێن :
ـ ئاگرو مرۆڤە خەتەرەکان
پەیوەندیی نێوانیان پەیوەندییەکی سێکسییە
دەتوانن لەیۆنان بگەنە ئۆرگازم

لەڕێی دۆزەخ ڕۆژانە
خانویەك و پێنج دوکان و سەد قسە دەڕوخێن
سەد پیاو ئیفلاس دەکەن
سەد عەرعەر دەچنە خەتەوە
لەدۆزەخ
کچەکان شقارتە لەنیازی دڵیان هەڵدەدەن
منالآن نان و لیك
بەڕەسمی سەوزەو میوەی روی سفرە دڕاوەکانەوە دەخۆن
کوڕە گەنجەکان
بەدیار ئەو عەرەبانە بێبازاڕانەوە نەفسیان دەشکێ
کە خەون و کیبریائی خۆیانیان لەسەر تەنزیلات کردوە
پیاوە جیاوازەکان
تەنها سمێڵ و ریشی بەرچەناگەیان دەهێڵنەوە
مودمینەکان ئەسپرین نەرمیان ناکاتەوە
لەوێندەر لەسەر حیوارێکی لابەلای فەوزەوییەك
گایەکی موسڵمان دە کەس دەکوژێ
ژن و مێردەکان کە ڕێی ئەبغەزولحەلالیان هەڵبژارد
ئیتر هەرگیز مەرحەبایەکی یەك ناکەن
ئاوا برۆ
دەگەیتە سەر فیترەتی خێرخوازیی مرۆڤ
ئاما برۆ
دەگەیتە سەر **فیترەتی** بەدخویی مرۆڤ

لەگەراجەکانی دۆزەخ

پاسەكانی نێرو مێیان جیاكردەوە
چونكە فەرمویانە :
بەبۆنی یەك دەستنوێژ بەتاڵ دەبێتەوە
لەولایشەوە كوڕوكاڵ بەفێڵ عەسران
ماڵ بەماڵەوەیان چۆڵ دەكەن
كۆبونەوەی خۆیان و ژنە كاسبەكانی تیا ساز دەدەن
چەند خۆشە پیاسەی ڕێی دۆزەخ
تۆبە لەسەیرانی كەنارەكانی دۆزەخ

ئەو دەیوت :
- بڕۆ ببەرە ئەوە لەتێ نان بچڕە
ئەمە دۆزەخە بەبرسێتی ناگوزەرێ
ئەم دەیوت :
- وەرە ببەرە ئەمە دۆزەخە ئێرە
بێمەوقعییەت تیای هەڵناكرێ
من هەر حەزم دەكرد
ئەو لەتە پیاوە بگرم بیكوژم
كە وەختێ قسەمان دەكرد دەمیەگرتین

بەرنامەكانی دۆزەخ
بەسرودی ئەی ڕەقیب دەستیان پێكرد
بەئەنتەرناسیۆنال دوایان هات
دام لەچەخماخی حەماسەت :
ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی هەلور بلور تەكامان
ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی دزە دزە دار بە ...
ئەی ڕەقیب جارێ ڕوەندا لەنەخشەی ئەنتەرناسیۆنالیزمدا نییە

لەدۆزەخ ڕۆژەكان وردە وردە
پەردەی تاریكییان دادایەوەو غەریب كەوتن
شەوەكان پەڕە پەڕە سوتان و
دەفتەر دەفتەر دامردنەوە
ڕەشەبای مەرگ فوی بەخۆڵەمێشی جەرگمدا كرد
چاوی سورو لێڵبوی ئاسمان كەوە داهات
تێم چریكاندە مەقامان :
ئەی ڕۆژەكانی سەرەڕۆیی خۆزگە سەرتان تیا دەبردم
هۆ شەوەكانی سەرجێ ' با ' دەرپێتانی بۆ كوێ برد

'با' ئەی 'با' بگڤێ
تەنها ستیانی سوتاوی دەنکەکەم مەبە توخوا
هەور بنالّە
تەنها کارگی ئازار لەسەر گۆڕی خۆشەویستەکەم هەلّمەدە

ڕۆژانێبو لەم دەڤەرە چیرۆکی خەمەکان پیریژن دەیگێڕانەوە
ولاتی قەلای تاریکی و داستانە خۆلگرتوەکان
چاوەڕوانی ئەفسانەی قوربانیدان و یاخیبون بو
پەڕەی هەزارو یەکەمی هەلّداتەوە
لەولایشەوە بای بەهار
کچێکی خرپن و عەجولی دارەدارە پێدەکرد
تێمچریکاندە سترانان :
تەدارەکی ئەم شاییە نەکراوە بڕێژن
با منداڵ دەستی بۆ نەبەن
ئەم بوکەبەبارانێیە بارانی بەدوادا نایەت
بەمندالانی خۆ بلێن دەست هەلگرن

لە دۆزەخ سترانەکان
وردە وردە هەمو یەك مانا دەبەخشن
سیاسی و ناسیاسی هەمو یەك ریتمیان هەیە
خەلکی بەدەم ڕێوە دەلێن :
ـ شیعر گوناهی دەمودوی خەلکانی غاوییە
ـ هەنگاوەکانی تێپەڕین هیچیان لەجێدا سەوز نەبو
ـ هەنگاوەکانی دێن لەدورەوە دیارن دەسوتێن
ـ گرانە گەڕانەوەو مەحالّە دەربازبون
دەلێن :
ـ ئەم بایە خۆلاوییە لەسقوتی فەلسەفەوە هەلّدەکا

ڕێگاکانی دۆزەخ مینرێژن
پڕ پڕن لەو تابلۆیانەی پێتدەلێن ئێرە خەتەرە
ڕێگاکانی دۆزەخ درێژن
پڕن لەزیندانی بێزۆپاو پەنجەرە
لەوێندەر ڕۆژی سەدجاران لێت دەپرسن : چۆنی و
تۆیش نازانی تونێلەکەی دەربەند تاکەی بەرگە دەگرێ
دەپرسن : نیازت نییە بڕۆی و
تۆیش دودلی لەوەی ڕێیەك هەبێ

مرۆڤ بگەیەنێ بەمردنێکی حەڵاڵ
لەوێ خەڵك پێیان وایە خوا هەر یەکە
پێیان وایە خوا کەریمە
دەشترسن رۆژێ قاعەکان لەوەختی ئاهەنگ و کۆڕدا بتەقنەوە
لەوێ خەڵك تەنها لەنەورۆزدا حەز لەکوردایەتی دەکەن
لەڕقی خوا دەبن بەکۆمۆنیست و چەپ
لەبەتاڵیدا گوێ دەگرن

لێرە شاعیرەکان جارجار بەتەداعی
دێڕێ لەهی یەکتر دوبارە دەکەنەوە
پەزەکانی مام خدر رۆژانە تابێ لەکەمی دەدەن
باوکم هەتابێ لەڕدەبێ و
روەو دارستانی ناو لەوحە تەشکیلیەکان سەر هەڵدەگرێ

ئێرەو ئەوێ
دوڕیانی قەبرێکن بەو گردەوە

لەوێ خوا لەکارواندایە لێرە خوا لەکارواندایە
لەوێ حەکایەتخوانەکان
وەك بنێشتێکی تاڵ زمانی خۆیان قوتداوە
لێرە بەزمانی سوتاو حەکایەت دەگێڕنەوە

سلێمانی□□□□

# چیرۆکی خەلیقەت

گوێ بگرە فلامەرز
لەهەوەڵەوە دەچینەوە
سەرکەلاوەی حەکایەتە روخاوەکان
ئێرە مەسکەنی روسە ئاوفرۆشەکان بو
ئەوانساڵ
مەمکی تورتی کچان
لەجیاتەی گۆپکەی رەش
دەنکەتوی مزریان دەگرت
روسەکان لەتوێکڵی شوتیدا
ئاو و شەرابو ڤۆدگایان
بەماچ دەگۆڕییەوە
رانەمەڕ بەبێ تێخوڕین
دەچونە قەراخی ئاسمان دەلەوەڕان
سێبەری درەخت
وەك سێپەڕەی تەڕی یەقین
سەوزو پەرێشان بو
شوان لە پشوودا
پیاڵە چای پەمەییان دەخواردەوە
چەم کە شۆڕدەبۆوە
بێ دەست و دیاری نەدەڕۆی
باوەشی پڕپڕبو لەگوێزو
سێبەری تواوەی کچی روت
کوڕکە هەناسەیان سوار دەبو
لەمسەری پەلکەزێڕینەوە
بەمەلە خۆیان پیادەکرد
لەوسەریەوە بەردەبونەوە باوەشی
ئالیهە میهرەبانەکان
خۆش دەئاخڤین :
+ های
- های
+ من فلامەرز

ـ منیش عوزرا

دەمیان دەنایە ئازاری یەکترو
دەبون بەکوتلەیەك هەڵمی هەزار رەنگ
ئەوانساڵ کە نوکتە دەگێڕدرانەوە
پەکمان لە پێکەنین نەدەکەوت
ئاوی جۆگەلەو روباران پرتەقاڵی دەچونەوە
دارستان لەڕەنگی بەرا ئەت
هەزار جۆر چرۆی دەردابو
خەڵکی بەسەبەتەوە نەدەچونە بێستان
هەر لەوێ تێریان دەخواردو
گوپیان پڕدەکرد لەرەنگ و ئاو
دەیانبردەوە ماڵ
مناڵ زستانان
لەژێر لێفەی تەمومژێکی گوڵگوڵدا
خەو دەیبردنەوە
هاوینان لەبەر سێبەری پەپولەدا رادەکشان
ژنە زگپڕەکان لەکێڵگەدا دەکەوتن و
کەروێشکی سپییان دەخستەوە
پیاوەکان زیاتر لەگوێئاوەکاندا
ئیشتیهای ماچیان دەکرد
قومە شەرابەکان هۆی ئەوەبو مێخۆشبون
مەخلوقات هێشتاکە ملی کڕنوشیان
بۆ تاق و تەنیایی خودا یەك نەدابو

گوێ بگرە فلامەرز
لەهەوەڵەوە دەچینەوە
سەرشیکرنەوەی خەونەکان
دوربو ... د .... ووو ... ر ... دوو ... ررر ...
هەتا دەهات
بچوك و بچوکتر دەبۆوە
وەختێ نزیکنزیك بۆوە پەڕیەە چاومەوە
+ عوزرا
ـ عیسا
+ دەخوازم بچینە بازی
ـ لە گوێ چەم ؟

+ لەبەرخۆر
- ناگەڕێینەوە
+ ئیتر ناگەڕێینەوە

دور برۆ فلامەرز
دور بگەڕێرەوە فلامەرز
ئەو بەیانییەت لەبیرە چاوەكانم سەوز بوبون ؟
ئەو ئێوارەیەت لەبیرە چاوەكانم سەوز دەبن ؟
ئەوە دوای ئەوەبو كە لەم خەونە رابوم
ئەوە دوای ئەوەیە
كە ' عوزرا ' لەكێڵگەیەكدا لەدایك دەبێ
پێهەڵگرە فلامەرز پێهەڵگرە
سپێدە لەم لەوحەیەدا بۆ هەڵنەهات
بگەڕێرەوە فلامەرز بگەڕێرەوە
بەیانیی ئەو فیلمە بۆ ئاوابو

ئێرە مەسكەنی روسە ئاوفرۆشەكان بو
بێستانە سوعبەتچیەكان
هەرجارێ عوزرا یان غافڵگیر دەكرد
دەنكە قۆخێكی قورسیان بەردەدایەوە بەسەریا
عوزراش بێئەوەی هەناسەكانی
لەترسی پێی رێبوارێكی چەتە
بخاتە ئینزارەوە
بەسنگی روتوقوتیەوە
درەختی رادەوەشاند بەسەرخۆیداو
رۆحی بەدەم هاواركردنیەوە لەمەجهول
دەنیشتە سەر مزراو

پێهەڵگرە فلامەرز
بەشی خۆمانە ئەو لەشە هارەی عوزرا
بچین تێر خەتخەتێنی لەسەر بكەین
بگەڕێرەوە فلامەرز
با شوێنپێی مەیمونێ وەپێچین
گوێ هەڵخە بزانین روسول و ئەنبیا
حەلاڵیان كردوە قۆخ بخۆین ؟
تۆ خۆت وكەوشە تۆزاویەكانی بنباڵت

دوای 'با' کەوە
من خۆم و لوعبە کچانەکانم بەدوای ئاو دەکەوم
تۆ پێتوابێ بەدەم عومرەوە
خۆت و لەوحەکانت کاڵ دەبنەوە
من پێموایە خۆم و بەختی قوڕاویی
ناو چنگە ئارەقاویەکەم
بە پەتی کۆلارەکەمدا هەڵدەکشێینەوە
تۆ دەستەوئەژنۆ
بگری بۆ بەدبەختیی گلگامش
من دەستەونزا
سوپاسی چارەنوسسازی ئەنکیدۆ دەکەم
تۆ کەیفتە
هەنگاوە زنجیرکراوەکانت بنێ لەکۆڵ
غاردە تا گۆڕەکەی گلگامش دانە پۆشراوە
من کاڵەکانی عەشتار دەبەستم
دەگەڕێمەوە سەر عوزرا
تۆ سفرێ بەدەستەوە
من دو سفر بەدەستەوە
بڕوانە فلامەرز
دو سفر زۆرترە یان سفرێ؟

ئەم ماڵە باجێنەیە تێکدە
لەهەوەڵەوە دەچینەوە سەر کەلاوەی
ئەنجومەنە روخاوەکان
ئێرە مەسکەنی روسە ئاوفرۆشەکان بو
سەرەوەی مۆزەخانەیەکی گەورەبو
بۆ ئارشیفکردنی دەستخەتە بزماریەکانی
خودا و هاوڕێکانی
خوارەوەی دۆڵێکی کپ بو
شەڕەگۆرانی و راوەبەرازی تیادەکرا
خەڵك تا بڕیان دەکرد
بە پێی پەتی خەیاڵی خۆیان راو دەنا
تا سییەکانیان دەیگرت
بۆنی هەوەسی یەکتریان هەڵدەمژی
تا پەنجەرە هاڕەی دەکرد
بەدوتوێی جلی شەوەوە پێدەکەنین

تا دڵیان دەیبرد
بەدەم خەوەوە دەگریان
کە پیس دەبون لەوێ خۆیان مەلە دەدا
کە پیرو ماندو دەبون
بەخۆیان عەمری ئامانەتیان لەخۆیان وەردەگرتەوە
راستەهێڵەکان
تەنها لەزەیندا رەسمیان کێشرابو
گوێ بگرە فلاّمەرز
من کە گەڕامەوە
عەلاگە تەقیوە جێماوەکان
بۆنی پرتەقاڵیان لێدەهات
تۆ کە دەخۆیتەوە توێکڵە شوتیەکان
جێی ئەم شەرابە کۆنەیان تێدا دەبێتەوە
نەیکەین چی رودەدا ؟
دەیکەین سێ بەردمان ناوەتە چنگی
وەسوەسە کەنەفتەکانمان
دەست بێنە ها بزانە سێ بەرد سوکترە
یا بەردێ لەسەر دڵ ؟
گوێ بگرە فلاّمەرز
رەنگە وەبیرت بێ :
سپێدە مابوی هەڵبێ
مەیمونزاد هێشتاکە سەری کڕنوشیان
لەڕوی گەورەیدا راست نەکردبۆوە
هێواش هێواش
چەم خەو بەریداو هاژەی کرد
پەردە لادران و
کۆتر لەدەرێی پەنجەرە
گمەگم وێردی بەیانیانەی خۆیی خوێند
' پاك و بێگەردی بۆ چاوە سەوزەکانی عوزرا '
گەردون لەعەردەوە تا ئاسمان
پڕپڕ بو لەبۆنی هەناسە پرتەقاڵیەکان
وەرزێر قاوەڵتییان کرد
قوتابی خلەخل چونەوە پۆل
پە پولە هەزار رەنگەکان لەناو خۆیاندا
بەسەرگوڵی باخچەی قوتابخانەکانەوە
دڵدارییان دەکرد

هەوەس و ' با ' پڕ بە پانتایی دەشتودەر
بەناو گژوگیادا تێیان تەقاند
کرێکار جامەدانیە خۆڵاویەکانی سەریان جوڵاندو
سەری ئارەقاوییان دایە بەر فێنکیی نەسیم
کچە دەشتەکیەکانی ناو بێستانی کاڵەك و خەیار
پێخاوس لەبەر لەتە ئاوێنەدا چاویان کل دەکرد
کوڕە ئەسمەرەکانیش دوراودور بۆ گاڵتە
کوڵەیان لێدەگرتن و
هەر لەوێ بەبەرچاوی خواوە دەیانخولێنەوە
تەزبیحەکەی دایەحاجی قرچە قرچ
دوعای خێری
بۆ ئەو پێنج و دو مەسیحە نورانیانە دەژمارد
کە هێشتا پەرداخە شەونمێکی دەشتیان
لەبەدەن دەگەڕا
ئەوانسالێ پەرستن وەکو هەڵماقۆ سادەبو
دنیا تاریك داهات
ئەو زەمانە جارێ تۆ گەنج بوی
بۆنی سێوی حەرام ددانی هەڵنەوەراندبوی
ترسێ کەوتە دڵت
بەکەڵەشێرەکانت وت :
مەردی خوابن
ئەگەر لەدڵتان گەڕاوە بەیانی شتدەبێ
شەو زو خەبەرمان بدەنێ
هەر نیوەشەو کەڵەشێر
بەسەر بارەداری نزیك کولانەکەیەوە
بەلاداهات
تومەز ئێوارە زەهرو قڕوقە پیان بۆ رشتبو
سپێدەی دوەم مابوی هەڵبێ
بەردێ لە ئاسمان بەربۆوە سەر توەکەی
بەر مزگەوت
چۆلەکە جریوەیان تێکەوت
نیوەڕۆ پێش نانخواردن مناڵە چاو هەڵماویەکان
بەگاگۆڵکێ و هەنگەشەلێ
هاتنە سەر ئەو چۆلەکەو پەلکە کوژراوانەی
چەمیان لەخوێنی خۆیاندا خنکاند
عەسر تۆ شانی یادگاریەکانت و

پیاوانی شار
شانی غەزەبیان دایە ژێر جەنازەکان و
بردنتان لەقەراغی ئاسمان ناشتتانن
بەڵام
پرسیارێك و
وەڵامێكو
دایەحاجی
لەژێر سەربانی کەلەگیە تە پیوەکەدا
ونبون و نەدۆزرانەوە
تۆ هەر ئەوساکە دەتزانی دەمری
بەڵام واش چاوەڕێی عوزرا بوی
عوزرا ئەو ئالیهەیەی
گیرفانەکانی پڕە لە پشو و
کارتی پیرۆزبایی و
گەنجێتی

ئەمێستا لەدوریی
هەزارو نۆسەدو نەوەدو شەش ساڵەڕێوە
قڕەتان دەبیستڕێ :
+ دێم فلامەرز
- نایی عوزرا نایی
+ دێم رەنگە بەکۆڵۆنێکی تەنکەوە
رەنگە بەدامەنێکی کورتەوە
لەوانەی لەدارستان دەپۆشران
- نایی ئەوەتا ژمارەی تەلەفۆنەکەمم
لەهەموجادەکان بۆ فڕێداوی و نایبینی
+ ئەوەتام فلامەرز
نابینی پێکە عەجولەکەی دەستم
چ کەفێکی جوانی لەسەر دەڕژێ ؟
- کوایت عوزرا کوایت ؟
خۆ ئازمایشەکانیش دەریانخست
بوم بەکوتلەیەك خوێ

گوێ بگرە فلامەرز
لەسەرەتاوە دەچینەوە سەر کەتنی خەلیقەت
ئێرە سەربازگەی پیرە نەمرەکان بو

ڕۆژێ باخەترێیەك لە پێكەنیندا ژانی كرد
(خەیام) ی بو
هەنارێ بەربۆوە سەر بەردێك و لەتبو
هەزار دانە باڵداری پەڕوباڵ شەرابیی
تیا هەڵفڕی
خوداوەند لەبنچكێك هەڵنوتاو كەوت
ئێمە لەگیرفانەكانیابوین لێی رژاین
روسە ئاوفرۆشەكان دانە دانە
هەر شەوەی یەكێكیان لەگەڵ مانگ هەڵدەهات
لەگەڵ پیرە نەمرەكان هەڵمان نەكرد
خۆفرۆشەكان
ئەوانەی لەسەنگەری دوژمندا دژمان وەستان
وەك ' مایە' ی نانەوا
بێچوار پەل بەعەزابەوە مانەوە

گوێ بگرە فلامەرز
مەیمون چۆن زمانی پژا ؟
قۆچەقانییەكی چڵمن سوڕی خوارد
بەردێكی
چاو دۆڵمەدڕاوی كەوەیی
دای بەعەرزا
گردێ
لەناو دەفتەر رەسمەكەی دارادا
ئاگری گرت
شەوێكی
وەك چاوی شەیتان رەش
كەوتەڕێ
بانگم كردی :
فلامەرز هەلێ
چش لەموقەدەسات
با لێرە جێمێنن هەلێ
گریایت وتت :
عیسا ئاخر

بزانە فلامەرز

**مەیمونزاد لەکوێدا زمانی لەدەست دا ؟**

**ئەمێستا لەدوریی**
**هەزارو**
**نۆسەدو**
**نەوەت و**
**شەش ساڵەڕێوە**
**قڕەمان دەبیستڕێ**
**جارێ تۆ دەڵێی :**
**' با' هەیە**
**من دەڵێم : ' خوا' هەیە**
**جارێ من دەڵێم :**
**' با' هەیە**
**تۆ دەڵێی : ' خوا' هەیە**

**نیسانو ئایاری** [illegible]

# بەردژەن

ژیان بەسەر باڵی پەپولەیەکەوە سەوز دەکاتەوە
من لەچەقی
پارچە مۆسیقایەکی مەلغومدا
کە هەر بەقەد کێڵگەیەکی
بەردەم گوندی گوڵاڵەسورەکان دەبێ
ئەنیشکم دا داوە

ژیان بەسەر باڵی پەوولەیەکەوە
بەردەبێتەوە ناو
کێڵگە مۆسیقایەکی مەلغوم
من دەبم بەهەزار لەتەوە
ئەمە سوڕی ئەشکی هەمو ئەو بەردژەنانەیە
کە جارێ لەجاران
لەناوبژیی ژیان و مردندا پێکراون

ژیان دڵی لێیداوە ئاخری جارێکیان
لەگۆشەی دڵی کەروێشکێکدا دە پێکرێ
لەچەقی روناکییەکی کزۆڵەو پایەلەرزۆکدا
کە پیاوێکی ماندوی تیانوستوە
تاڵان دەکرێ
ناگا خەیاڵێکی راونراو خۆ لە پشتیەوە وەشارێ
ناگا لەمۆرایی عەتفی گوڵەلاولاوێکدا بنوسێ :
بەردژەن لەناو چۆڵەوانیی ریتمە رەقەکانی بەرددا
گیری خواردوە
لەدەمی پاییپێکی گێرڕدا بۆ دواجار دەکوژێتەوە

بەردژەن دەلێی کرمە
لەخوێن و دەماری ئەم بەردانەی داوە
وەها بەخوێن و دەماری ئەم بەردانەدا دێ و دەچێ
دەلێی کرمەو
لەناو سێوێکی شلوێدا خەریکی مەلەیە
دەشزانێ ئەم بەردانە لەمردن چۆڵوهۆڵترن

دەشزانێ ئاخری جارێکیان
پێی لەسەر چۆڵەوانییەك هەڵدەخزێ و
خوێنی وەك گۆمی خەیاڵی گایەکی سەربڕدراو
تا هەتایە
تۆختۆخ و کەڕوڵاڵ
دەبێ بەژێر هەرەسی وەهمی سەریەوە

بەردژەن
بۆ ئەو بولبولە کەمانچەژەنانەی لێرەوە رادەبرن
بۆ ئەو پەرستگا مێژوناسانەی سەربوردەی خوا دەگێڕنەوە
بۆ ئەو حەکیم و پێغەمبەرو موجاهیدە فیتنانەی
کە خوای مەزڵومیان (پێش ئەوەی بیکوژن) لێکردبوین بەگورگ
بۆ من کە دڵم
لەناو شوتییەکی تەڕی ئەو بێستانەی سەرەوەدا
لێ بەجێماو نەمدییەوە
بۆ تۆ کە نەتئاوزا بەم بەردانە نەبێ
بەشتێ بمرازێنیەوە زیندەگی حەزێکم لێبکا
بۆ هەرکەسێ کە دەیەوێ ئەم سپێدەی کۆترانە
لەدژی عورفی دارستان را پەڕێنێ
بۆ ئەو دڵۆپانەی پیاوەتیم
کە لەوەتەی عەقڵیان بەمردن شکاوە
بەدەگمەن (پێ) یان هەبوبێ لەبەردەرگای
رۆشنترین مرواریی روتوقوتەوە
بێ چاوساغیی دڵۆپی چاوم رێبکەن
بۆ چاك و خرا پی دانیشتوانی گڵ
بۆ تەڕو وشکی خەڵکی ئاو
پەنجەرەی قەڵایەکی کافر والابکە
لێیەوە تێهەڵکە فرمێسك بڵێ :
رۆژگار کە لەم کۆڵانەوە گوزەری کرد
کە وەك سێبەری هەورێکی خەواڵو
بەسەر سەری مناڵەکاندا تێپەڕی
هیچ هیچی پێ نەبو
کە بە پەلە بیرەدا رۆی
هەر بۆ مەزاق
سەری چەندین گندۆرەی خڕیلەی شکاند
گمەی یەکبەیەکی

بەیانییە بێپاسەوانەکانیشی بەتالأن برد

بەردژەن
ئازابەو بەگەوجیی تێمەگە
بلێ : رۆژگار خولك مەکەن بۆ ئەم کۆلانانە
رۆژگار هەر ئەوەندەی
بدا بەتەنیشتی باخێ باخچەیەکدا
کە ئاوری لێدایەوە بەخۆیشی نایناسێتەوە

بەردژەن رۆژگار هەر ئەوەیە
لەکاتێدا بەچۆرێ خوێنی گولەباخ
چلبەچلی دەماری خەونەکانت تەردەبنەوە
ئەو بەمەقەستێکی کول هەمو باخەکانت دەدرێنێ و
بێئەوەی ئاوریشمی دەنکەفرمێسکێکت تێوە بئالێنێ
تورت دەداتە
قولایی غروبی قولتێکی کەم خولکەوە

ئەم گۆزە قەد باریکانە
پرن لەبەهاری پانوبەرین
ئەم بەهارانە
پرن لەشیو و ملەی تەرو شیرین
من بێئەوەی بزانم ئەم گۆزە قەدباریکە
ئەو تفەنگەیە کە زۆرجار خۆمم پێکوشتوە
بەقەدیدا هەلزناوم بچم سێو لێبکەمەوە
ناگەهان ئیمانی تەروشیرینم لەدەم بەردەبێتەوە
بۆ ناو تاریکایی بەردێ
ئەمە سوری خوێن و بیرکردنەوەی هەمو ئەو بەردژەنانەیە
کە جارێ لەجاران
لەناوبژیی ژیان و مردندا کوژراون
بەردژەن بەیارمەتیت
من تا ئەم خوارانە (تا فرمێسك)
دەرۆم و سێوێتر دێمەوە
تا مردن دەرۆم و کوردێتر دێمەوە
تا دوێنێ دەرۆمو دایلێتر دێمەوە
زیندەگی بێکەسە
لەدلم گەراوە

ئاخری لەژێر باڵی بەردێکدا راوی دەکەن
لەڕۆخی ئێوارەیەکدا هەڵدەخزێ و
دەبێ بەگەردوگوڵی خەون

بەردژەن  درۆم نەکرد
بڕوانە
ئەوەتا زیندەگی ئاخری
لەگۆشەیەکی ئەفکاری دایکمدا شەهیدبو
بەردژەن  درۆت نەکرد
ئەوەتا ئاخری زیندەگی
لە پەنایەکی چەپەکی خەیاڵی مندا شەهیدبو

بەردژەن  زیندەگی
لە' محەمەد' ەوە خەوتوە
لە' هەڵەبجە' وە مردوە

ئایاری□□□□

# پیاوێ لەقوڕقوشم

بۆ ئەوەی سەرشێتیەکانم بکەم بەگۆرانی
دەبێ لەسەر ریتمی هەڵپەڕکێ هەنیسکدەم
بۆ ئەوەی بتوانم بگرییێم
دەبێ ئێواران تێروپڕ لەبەر رەهێڵەی غروبدا بخوسێم

شەوم دوازدە مانگە :
عەقڵبەندانی یەکەم و دوەم و دەیەم و دوازدەیەم
رۆژم دوای پێنجوەرز لەغروب دەکاتەوە :
زستان و بەهارو هاوین و پایزو ' نارنجۆ'

یەکەمشەو من
دواتر دایکم و باوکم و دێکەی ئێمەو
لەقوڕوکای دێکەی ئێمەیش گەردون کەوتەوە
کەچی لەدواهەناسەدا جێی خۆمی تیا نابێتەوە
یەکەمڕۆژ ناوی خۆم فێربوم
کەچی لەدوایین تەگبیرما
کۆپتەرو مەرگ و تەنیایی
زەینیان تێکدام رێ بەمەوە سەر ناوی خۆم

پیاوێ لەقوڕقوشم عیملاقێکی بێپەناو پەسێوە
لەناومندا راکشاوە
پیاوێ لەگەردەلول
گەردەلولێ لەئاگر
ئاگرێ لەکانزا
کانزایەك لەچینە خۆڵە زبرەکانی ژێر پێست
لەناخما هەڵدەکا دەبارێ دەگریێ شێتدەبێ
دەمرێ و زیندو دەبێتەوەو دەمرێ

من لەنێوانی وەختێك و ناوەختێکدا لاڵبوم
چی بکەم ئەی هەموم ؟
تەنها ئەو حەرفانەم لەبیرە ناوی بەکۆمەڵت پێکدێنن
تەنها ناونیشانێ پەی پێدەبەم بەکۆمەڵ تیای سەرنگوم بوی
تەنها رێ دەبەمەوە سەر گۆڕێ

بەکۆمەڵ گۆڕەوشاریدای

میزەڵانە سورە جوانەکەم
وەختێ دەستەکانم ' لەدایکم ئازیزتر' لەملیدا هەڵپێکابو
هەمو پێکەوە تەقاندیان
هەمو کوڕی باش بون حەمەو جەبارە شەل نەبێ
هەمو کوڕی چاك بون سەردارو سالاریش نەبێ

وەختێ لەدڵم لەرزۆکتر سێهێلکەم خاترانە بۆ مامۆستای
بیرکاری دەبرد
هەمو لەڕێی مەکتەب بازە چاوسوریان تێبەردام
بازە لەهەمویان کوڕی چاکتربو لەهێن نەبێ ' ......'
لە '..........' نازانم
بازە لەهەر هەمویان پیاوی چاکتربو
کە کەوتم نەیخواردم
کە هێلکەکان لەناو جانتاکەمدا وردوخاش بون
کتێبەکانی نەدڕاندم
ئەی ئەو خوایەی وای بەلاسەروی درەختەکانەوە
سەیری لاچاوی چەپمکە
کە هەمو سەیریان دەکردو یەکێکیش بەتەختەو بزمار دایکوتیم
من گریام تۆیش گریای؟

هەموم لەڕۆشنایی لەشمەوە تا تاریکایی خوێنم
هەموم لەبێدەسەڵاتیی دوێمەوە تا سەرسەختیی ئەمڕۆم
هەموم لەبیرەوەریمەوە تا ئەنفالی بیرەوەریم
هەموم لەشیرەخۆرەییمەوە تا سەرەخۆرەییم
لەسەرخۆشیمەوە تا مەیزەدەییم
هەموم جێشەق و بزماری هەمویانە
هەموم زۆڵێتیی هەمومانە

هەمو پێکەوە قۆڵکران برانە سەربازی
پێکەوە بونە جاش و پێشمەرگە
بەکۆمەڵ کوژران و بەکۆمەڵ نێژران و
بەتەنیا مردن
ئەی ئەو خوایەی وای بەلاسەروی هەمو درەختەکانەوە
کە هەموم لەگەڵ هەمویاندا کوژرا

که هەموم لەگەڵ هەمویاندا شەهیدبو
که هەموم بەتاقیتەنیا مرد
دەروازەی دۆزەخت لەدەست هات  یان بەهەشت
یان هیچیان
حەمەو  بازەم تێبەرنەدەی
ئەی ئەو خوایەی وای بەلاسەروی هەر هەمو درەختەکانەوە
هەموت بەبون و نەبونتەوە
هەموت بەکۆن و نوێتەوە
هەموت بە پاداشت و سزاتەوە
هەموت جێشەق و بزماری هەمویانە
هەموت  تەنیایی  هەمومانە

هەموم لەڕۆشنایی لەشمەوە تا تاریکایی خوێنم
هەموم لەبێدەسەلاتیی دوێمەوە تا سەرسەختیی ئەمڕۆم
هەموم لەبیرەوەریمەوە تا ئەنفالی بیرەوەریم
هەموم لەشیرەخۆرەییمەوە تا سەرەخۆرەییم
لەسەرخۆشیمەوە  تا سەروی سەرخۆشیم
بە پاڵ هەمویانەوە لەتەنیاییدا سواوەو
هێشتاش خۆشمدەوێن
ئەی ئەو خوایەی هەموت تەنیایی هەمومانە
دوور لەخۆتم بگرەو
تێم هەڵدەوە  بۆ ناو ئەوان

خوێن جۆگە جۆگە بەدارشەق بەهەورازیاندا سەرخست
حوزن لە پەنجەرەی شکاوی سەد ژوری دڵمەوە
خزایە ژور
خوێن لەسەر ئەتڵەسی منالانی قوتابخانە
حەوت کیشوەرو حەوت ئۆقیانوسی پێکهێنا
حوزن  پەڵە  پەڵە
ئاسمانی چوار وەرزی لەسەر دایکم تا پۆ کرد
خوێن لەسەر لوتکە بەخوڕەم سوتا
حوزن باوەش باوەش
سێوە لاسورەکانی سپهەری داڕزاند
خوێن ئەو رستە سودبەخشانەی لەمانا داماڵی
که مامۆستایانی ماتماتیك لەزاریان ترازا
حوزن بۆ هەر دێڕێ

سەدویەک مامۆستای زمان و
سەدویەک تەفسیری داهێنا

خودایە ئەی چە پەکترین دەرگاو بچوکترین گەورەی من
ئەگەر شتێ بەتۆ دەکرێ
بەدرەختەکانی باخی گشتی بلێ :
وەختێ بەبەر چاخانەی شەعبا رەت دەبن
با بۆ تەوازوع لادەن
چایەک لەگەڵ حەمەعومەر بخۆنەوە
یا لە ئەکسیۆنێکی پاساریە بێلانەکاندا
شاندەنە ژێر لافیتەیەک

خودایە ئەی چە پەکترین دەرگاو بچوکترین گەورەی من
باڵندە ئاویەکانت
ئەوانەی لەگوێچەمی هەنیسکما سەرما بردنی
نوسیبویان :
تەڕترین فرمێسک چاوی سەوز دەیڕێژێ
خودایە ئەگەر شتێ بەتۆ دەکرێ
ئەوا من دەپاڕێمەوەو دەخوازم
خودانی تەڕایی و سەوزایی هەر هەمو دنیابم

خودایە ئەی چە پەکترین دەرگاو بچوکترین گەورەی من
خوێن لەسەر لوتکە بەخوڕەم سوتا
تەنیاییت
لە پەنجەرەی شکاوی سەد ژوری دڵمەوە خزایە ژور

منی بێعەقیدە
لەهەمو ئێوارانێکی مەستبون گەرمتر
حەز بەگریانی ناو کەشە عەقیدەتیەکان دەکەم
منی هیچنەزان لەشۆڕش
لەهەمو وەسیلەیەکی خۆکوشتن جوانتر
تفەنگی شۆڕشم خۆشدەوێ
من کوڕی دایکمم مینا
لەگشت ئەو گۆرەویە بەنانەی
بەکوێرەوەری دەیچنین بۆ پێشمەرگەو بۆ فرۆشتن
یەک ئارمی پۆلبەندی نەپەڕیە نەخشیەوە

باوكم جامانەكەی كە هەر زو فرێیدا
وەك هیچ تايەفەيەك نەدەبەست
من راستی
عەقیدەو تفەنگێكم هەيە
لەهی يەك كەس نەبێ كە نان و دايكم و غانديی پێكەوە كوشت
لەهی هەموان دەچێ
من راستتر نە عەقیدەم هەيە نە تفەنگ
نەفرەت لەهەرسێ تايەفەيش
ـ ئەهلی سیاسەت و
ـ ئەهلی كەسابەت و
ـ ئەهلی ئیمان

شەممە يا يەكشەممە كاژێر نۆی كۆن بو
پیاوێ لەكانزا لەناخما چاوەكانی هەڵگلۆفت
گریا هێمن هێمن
ژێربۆوە تاڵ تاڵ
كاژێر دەی كۆنكۆن بو
چۆن زریان لەسەر خۆ دەچێ كابرا خەوت
پاسپۆرتەكەيان لەژورسەر دزی
پاسپۆرتێ مۆرو ئیمزای سەرجادەی مەولەوی هەڵگرتبو
ئیتر لەوەدوا
زانیاریە ئاساییەكانیشی لەبیرچۆوە
كە دڵی پڕ دەبو لەقسە بێدەنگ دەبو
كە گریانێكی خەست خەستی دەهات دەكۆلكی و پێدەكەنی

پیاوێ لەشكست لەناخما
لەكاتێكدا سەری هاڕەی دەهات لەنەقص
دەنكێ سەرئێشەی قوتداو
كاژێر يازدەی هەرەكۆن راكشا
شەممە يا يەكشەممە كاژێر سفر
مناڵییەك
لێوانلێو لەبەردی سەرشكاو
لەدرزی ئیمانمەوە دەرپەڕی
ئەو ئێستا دڵی سەرەنوێلكی دێیە
لورەدێ لەسەگوەڕ

سەری وەك باوەڵی كچێكی بێسەواد
مورووی گشت نیازێكی تیایە
تەنها بابەتی وازییەكی منداڵە پیرەكان نەبێ
ئەویش بریتییە لەكتێب و دەفتەر
وەرە ئەی هەموم
قسەت بۆ بكەم قسەی دڵ
ناشێ شتێ لەو منداڵییە نەزانی
كە بەگۆچانێكەوە سەرهەڵدەگرێ و
بەدەمانچەیەكی چواردەوە تەسلیم دەبێتەوە
وەك ئەوەی بەتایبەت هاتبێتەوە
بۆ كوشتنی كەسێ

ئێوارەیەك لەلەندەنێكەوە
هێشتا تەمی لەچاومدا نەچۆتەوە
یا لەگوندێكەوە كە خەڵوزم تێدا دەكرد
بەتابوتێ لێی نوسراوە :
' كابرا كوڕی كوردكوژستان '
یاخود بەباڵندەیەكی خشۆك
بەخەمێكی ساردەوە یاخود لەرێیەكی ساردەوە
' خۆم نازانم چەند شەممەو چەندی چەند دەكا '
حەكایەتێكم لەزارە یان قڕوقە پم كردوە
دێمەوە یان دەمهێننەوە
ئەو وەختە ژنەكەم
رەنگە لەماڵ خۆیانەوە یەكچركە راچڵەكێ
یان بێڵن پێشئەوەی
لە پەلەقاژێدا پەركەم بمكوژێ
تێروپڕ گۆڕەكەی دایكم رابموسم

' ژنەكەم كە مەمكی دەنایە ناو دەمم
وەكو هی دایكم شل نەبو
حەیف لەهیچیان تێرم نەخوارد '

خودایە ئەی چە پەكترین دەرگاو بچوكترین گەورەی من
گەلێجار تۆ لەجەنجاڵیی نیویۆركدا
دەستكردەكانی خۆت و خەڵكت پێ جیاناكرێتەوە لەیەكتر
ئەدی دەبێ دوایین تەقە

کامەیان رادیکاڵتربێ ئەو باڵە راست و چە پانەی
لەشەڕی ناوخۆمدا ئینشیقاقیان لەمن راگەیاند ؟

خودایە لەهەمو خۆم
زمانم تاقە شتێ بو
بەسکەخشکێ لەم ئەنفالەدا دەرمکرد
کەچی هەمو شەوێ لەخەونمدا
بەکارەساتێکی کۆو دڵتەزێن کە بەسەر هەمو کورددا دێ
ئەویش لەدەست دەدەم

بمبەخشە ئەی هەموم
تەنها ئەو حەرفانەم لەبیرە ناوی بەکۆمەڵت پێکدێنن
تەنها ناونیشانی دڵم پەی پێدەبەم،
بەکۆمەڵ تیای سەرنگوم بوی
تەنها رێدەبەمەوە سەر زەینی کوێرم
بەکۆمەڵ گۆڕەوشارێدای

# ئەی گەورەی دڵم

لەژێر هەرەسی دەنکەهەناردا

ئەی گەورەی دڵم پڕمکە لەخوێن
ئەگەر لەخوێندا خڕۆکەیەکی رەش هەیە
دواجار تەقینەوە بخاتەوە
ئەگەر لەتەقینەوەدا رێیەك هەیە
دواجار بمباتەوە سەر جوگرافیای دەرون
گەر لەجوگرافیای دەروندا بەرزاییەك هەیە
لێوەی رابمێنم
ئەگەر لەڕاماندا شارێکم دێتەڕێ
شەقامەکانی لاونیو لەسەر تەنیشتی مۆسیقا راکشابن
لەو شارەدا باخێکم دێتەڕێ
لوت و لێوی تێروپڕ پشکوتوبن و
کەمەری باریکی سەروخواری بەژنی لەیەکتر جویێ بکاتەوە
لەو باخەدا داری درەختێکم دێتەڕێ
بەو درختەوە
خەبەرێ لەبارەی گڵەوە شین بوە
لێی یەکدڵ ببمەوەو هەڵزنێمەوە
بەهەمان شۆڕبونەوەدا
بەخەتەری مۆسیقادا بگەڕێمەوە بۆ ناوباخ
باخ کە فەرشێکی کاشانییە
لول بکەم و
شاری لەدوتوێدا قایمکەم
بچمەوە سەر ئەو بەرزاییەی
لێوەی رامابومە تەقینەوەو خڕۆکەی رەش و خوێن
ئەی گەورەی دڵم بەڵام من دەشترسم لەوەی
ئەم هەمو منداڵە بەناو خوێندا گەشت پێبکەین بۆ باخ و
دواجار وەك کۆتری ماڵی
پۆلپۆل بێنەوە لەخوێندا هەڵکوڕمێن

ئەی گەورەی دڵم پڕمکە لەئولفەت
ئەگەر بەئولفەتدا دەگەمە ژنێ
رایەڵێکی هەبێ بۆ پەڕینەوە
ئەگەر لە پەڕینەوەدا

دالْغەیەکی وێڵ ناوچاوم نا پێکێ و
دەگەمە کەناری دلۆپێ ئاو
گەر لەکەناری دلۆپە ئاوێکدا
توێکڵەسێوێ هەیە لەسەری پشوبەم
تاوێ سەرم لەکۆڵم داگرم و
لە پاڵ لاشەمدا را یکێشم لەسەری
کە هەڵسامەوە سەرم بەم بەکۆڵماو
توێکڵەسێو
کە دەفتەری بیرەوەریەکانی شاعیرێکی وێنەکێشە
بەدیاری لەگەڵ خۆم بەرمەوە
بۆ ئەو ژنەی
لە ئولفەتەوە بۆی شۆڕبومەوە
ئەی گەورەی دڵم بەلاّم من دەشترسم لەوەی
ئەم هەموکوڕە نەبالّقە بەژندا هەڵگێڕین بۆ مانگ و
دواجار تەنیا تەنیا
بێنەوە سوێند لەسەر بێئولفەتیی حەوا بخۆن

ئەی گەورەی دڵم پڕمکە لەگرێ
ئەگەر ڕۆژێ دێ
مەعنایەك سەر دەخزێنێتە گرێیەکم
ئەگەر بەمەعنادا دەگەمە ئەشکەوتێ
دێوێکی تیابێ ڕێبوار نەترسێنێ
گەر لەنەترساندا توانای ئاخاوتن هەیە
ئەگەر ئاخاوتن ئەسپێ شکدەبا بۆ خزمەتی میوان
ئەسپ بەمیوانی هەڵمگرێ شاخەوشاخ
گەورەترین گرێی شاخی یەکەم هەڵبکەنم
بەگچکەترین گرێی خۆم پڕی بکەمەوە
گچکەترین گرێی هەمان شاخ
هەڵبدەمە ملی ئاخر شاخەوەو را یکێشمە بەردەمم
ئاخر شاخ زینکەم و بەسواریی چیا
بێمەوە بەردەرگای ئاسنینی ئەو گرێیەی
ئەشکەوتاو ئەشکەوت قاوی دام
بەدوای مەعنایەکدا بۆ خۆی
ئەی گەورەی دڵم بەلاّم من دەشترسم لەوەی
مردن ئەو پشیلە چەموشەی
کە بەهەڵە ناومان ناوە ژیان

دواجار بەبێ گرێکوێرە
گلۆڵەی سەری هیچ کەسێ لەسەر رەفە جێنەهێڵێ

ئەی گەورەی دڵم پڕمکە لەکفر
گەر کفر قالۆنچە یەکی رەشی زل شکدەبا
پیایدا رەوانەمکا بۆ دۆزەخ
گەر دۆزەخ بەڵگەیە
لەسەر بونی تیاترۆخانەیەکی ئەبەدی
بەناوی بەهەشتەوەو خاڵی لەگوناه
ئەگەر لەبەهەشتدا ئاوێ هەیە
خوا سێبەری لەسەر کردبێ و
دواجار بڕژێتە سەر
یەکەبەیەکەی مەنجەنیقەکانی دۆزەخ
ئەگەر دواجار لەسێبەری خوادا
کە پرێکی هاوینەم دەست دەکەوێ
بەتەنیشتی دڵی
بێوەژنێکی بیستساڵەی خواناسەوە
ئەگەر خواناسی رێگایەکی تیایە
بچێتەوە سەر یەکتر پەرستیی نێرو مێیەك
لەوێوە بەهەمان رێدا هەڵکشێمەوە
بۆ بەردەم گەورەیی ئەو کفرەی
هیچ فەرقێکی نییە لەگەڵ نوێژدا
ئەی گەورەی دڵم بەڵام من دەشترسم لەوەی
ئەم هەمو ئاژەڵە بەئومێدی بەهەشت
بەهەر کافرسانییەکدا بدەینەبەر
دواجار هیچ شتێکیان بۆ نەمێنێتەوە
جگەلەوەی تا کۆتایی بەقۆچ ورگی یەکتر بدڕن

ئەی گەورەی دڵم پڕمکە لەقۆرت
ئەگەر قۆرت خەیاڵی برین خۆشدەکا
ئەگەر برین فێرمدەکا
بەلایڕاستی رۆحما بنوم
ئەگەر نوستن لەسەر لایڕاستی رۆح
جوانی دەوروژێنێ
گەر وروژاندنی جوانی ستیان بەبلوێر توڕدەدا
گەر بلوێر پێی دەکرێ

دەرگای کوختی داستانێکم بۆ بکاتەوە
داستان پڕکەم لە ئاسمانی پاشباران
ئاسمانی پاشباران
لە ئاوێنەی دیوی دەرەوەی ماشێنێکدا
بەدەمڕێوە لەت بکەم و
پڕی بکەم لە دوکەڵی ڕەنگاوڕەنگ
پێشتریش دوکەڵم پڕکردبێ لە ماچ
ماچم پڕکردبێ لە گوڵ
گوڵم تێرو پڕکردبێ لە ئارامیی شەو
شەو لە جادەی روناك
دواجار
بە جادەیەکی روناکدا بەرەوژور ببمەوە
بۆ بەر دەروازەی ئەو قۆرتەی
لە قەڵای پادشایەکی بچکۆلانەی جەسور دەچێ
ئەی گەورەی دڵم بەڵام من دەشترسم لەوەی
ئەم پادشا وردیلانە نەتوانن هەتاسەر
روی پەنجەرەی قەڵاکانیان بکەنە سێوێکی گەرم

ئەی گەورەی دڵم پڕمکە لە بەرد
ئەگەر بەرد جارێکیش لە خەونی مندا
سنگ دەداتە بەر پەیژەکەی خەونی یەعقوب
گەر پەیژەکەی خەونی یەعقوب
لە درزی پرتەقاڵێکی ئاودارەوە (کە ئاسمان بردوێتی بۆ خۆی)
دایکم شۆڕدەکاتەوە بۆ ناو خەونم
ئەگەر دایکم لە خەونمدا ژنێکم بۆ دیاری دەکا
بەدڵی خۆی
گەر هەڵبژاردەکەی دایکم
سبەی هەڵسام ئینقیرازی نەکردبو
لەسەر کانیە شەربەتێکی زەرد زەرد
بەداڵغەدا چوبێ و دەستم لە پەلی گیربێ
شەوێکیش کە دەنکەهەنار بە پڕتاو
لە دەست دێوی مێباز هەڵدێ و
لاڵۆپاڵ خۆ دەکاتەوە
بە ویژدانی گەرمی دا پیرەدا
من هەڵبژاردەکەی دایکم
لەسەر یەکێ لە لەوحە ئاویەکانی خوا رابکێشم

بەدەستی خۆم چینچین
ئێسك و خوێنی لە پوشو پەلاش راماڵم
تا لەشی دەخەمەوە
سەر تەختی گڵە سورەکەی فەلەستین
ئەویش گرژیی بەرد بەبەردی لەشم خاوکاتەوە
پاشان تەنیا جارێك و بۆ دواجار
بە پەیژەکەی خەونی یەعقوبدا
دامهێڵێتە ناو قوڵایی خاکی فەلەستین لەخۆیدا
ئەی گەورەی دڵم بەڵام من دەشترسم لەوەی
ئەم دەربەدەرانەی ناو دەریا
هەرگیز لەهیچ لایەکەوە بەزیندویی و بەمردویی
پێ نەخەنەوە
سەر زەویی خەونێکی کزر

ئەی گەورەی دڵم پرمکە لەوەی
ئەگەر وەی لەبێوەیی ژیرترێکە
ئەگەر ژیری
باوەڵێکی بۆنخۆش لەکەلەبەرێکدا شکدەبا
خوێندەوارێکی لادێی هەرزەکار پڕی کردبێ
لەدەفتەری جۆراوجۆرو لەجافی رەنگاورەنگ
گەر دەفتەرو قەڵەم زەینیان دەچێتەوە سەر ئەوەی
وێنەی مرۆڤێکم بۆ بکێشن
کە رەنگە سەروەختێ لەدنیادا بوبێ و پاشان بزربوبێ
بەوێنەکەیدا بیدۆزمەوەو گەر شکی برد
پیاڵەیەك ئاسودەیی لەلا بخۆمەوە
ئەگەر دواجار ئاسودەیی
مناڵێکی مەنغۆلیم پێ ناخاتەوە
خۆم و خۆم بگەڕێمەوەو
جوانترین وەی بۆ دێی خۆمان بنێمەوە
ئەی گەورەی دڵم بەڵام من دەشترسم لەوەی
ئەوانەی کوشتەی ئاسودەیی بون
وەك ئەو چەتانەی
بەناوی (فەتح) ەوە سەدان مەملەکەتیان تەقاندەوە
کە گەڕانەوە
لەزیادەباری ولاخەکانیان بترازێ
شتێکی زیاتریان بەکۆڵەوە نەبێ

ئەی گەورەی دڵم پڕمکە لەهەنار
ئەگەر هەنار لەهەمو تەمەنما جارێ کە شکاندم
نامە یەکی دەسنوسی خوام دەداتە دەست
گەر نامەی خوا جێی نوسینی پەراوێزێ
بەسپێتی لەدامێنیا ماوەتەوە
گەر بشێ لە پەراوێزی نامەی خوادا
رستە یەك لێدەم بۆ بەردەرگای ژورەکەی خۆم
لەژورەکەی خۆمدا
مە ترێکی لاکێش گەڵاگوێز راخەم بەژێرماو
لەوێوە بەچاوی خۆم بڕوانمە یەکرەنگیی پەلکەزێڕینە
تا دەگەمە ئەوەی چۆنچۆنی
شەهیدێ بەسەر بەرماڵێ گەڵای رژاوەوە
بنێرمەوە بۆ زێدێ
کەوا لەژێر هەرەسی دەنکەهەناردا
هیچ کوێی بەدەرەوە نییە
ئەی گەورەی دڵم بەڵام من دەشترسم لەوەی
دواجار دەستێ نەبێ لەمردن موتڵەق و رەحیمتر
ئەم جەنازەیەمان لێ وەربگرێتەوە

ئەی گەورەی دڵم
چەند تەڕو تاریکی بێپەروا
لەژێر هەرەسی دەنکەهەناردا

سلێمانی

# لیباسی شەڕ

بەسواریی سەگە کوڵەکانەوە
لەشەڕە گەرمەکان گەڕانەوە
پێیەکیان پەتی و
یەکێکیان لەناو ئەو جزمە خوێناویانەدا دەیزریکاند
کە لەچەرمی گامرۆڤەکان دروست کرابو
وەختێ گەڕانەوە
نەدەناسرانەوە کامەیان عیسایەو
کامەیان موسایەو
کامەیان موحەممەد
وەك سوپاسالارێکی عەیبارو پەشیمان
بەکوڵی گریانەوە
پڕیانکرد بەملی خەڵکی دەستخەڕۆدا
نە خودەکانیان چڵێ نێرگزی تێدابو
نە دێڕێکی ئایەتەلکورسییان لەبەر مابو
تا گەڕانەوە
گوڵەکان یەخەیان داچەکیبو
لەشی ژنەکان بالوکە تەنیبونیەوە
تا گەڕانەوە
منالأن فێری زۆڵێتی و
شەومانەوەی ناو کەلاوەکان بوبون
کە ئەوان گەڕانەوە
من لەدەست خۆم چوبوم
کە ئەوان گەڕانەوە
من لەنوێژی جەماعەتدا پێلاوەکانم گۆڕابو
جارەها پێم بەلادا هاتبو و
جەڕاح پێیەکانی خۆی بۆ دانابومەوە
تا ئەوان گەڕانەوە
لەگۆشەی سورباوی مەیخانەکاندا
بیرەوەرییان دزیبوم
تا ئەوان گەڕانەوە
من شەو لەگەڕاڵی
دەفرە فڕیوەکان کەللەسەریان بردم

ئەمە دەستوپەلی من نییە
بە ئیعازی جادوگەر چە پلە دەتەقێنن
ئەمە دەموچاوی من نییە
ریش خواردوێتی
ئەمە بینایی من نییە
شتەکان تەنها لەسکوندا دەبینێ
ئەمە من نیم
زەینم ناچێتەوە سەر وێنەی منالێم

پێغەمبەرەکان کە لەشەڕگەکان گەڕانەوە
لەوەلأمدا تەنها دەیانتوانی بگریەن
هاوارم لێکردن :
ئەوە من بوم دامتانبەکوشت
سوێندم بەگۆڕی خۆم من بوم کوژرام
بەو ناونیشانەی
قژێکی پڕو درێژم پێوەبو نەك ئەمە
دانەکانم شیری بون وەك بەفر پاکژ
دەموچاوم
خزتر لەتۆپی دەست مندالێ
تەمەنم
هەر دە - دوازدە سالێ دەبو
گریام بەسەریاندا :
لەکوێتان جێهێشتم ؟
دامتانەبەرچ تفەنگێکی سورفل ؟
پێغەمبەران کە چون بۆ شەڕ
گەورەییان تێدا نەبو
کەچی گەورەیی
لەگریانی ئەوانەوە مایەوە بۆ ئێمە

رابن
ئەی پێلاوە تاکەوتاکەکانی دنیا
بگریەن کە کەسمان
ناچینەوە سەر شکلی دوێنێمان
لاتان رونبێ
ئەو قەزەمە چاکەت درێژانەی
لەیاریەکانی ئەکرۆباتیکدا

کردینیان بەمشك و دوپشك
دەمانکەن بەهەمو شتێ
تەنها ناتوانن بمانکەنەوە بەخۆمان

بەسواریی سەگە کوڵەکانەوە
لەشەڕە گەرمەکان گەڕاینەوە
دەستێکمان بەدەستنوێژو
دەستەکەی دیکەمان لەدەستکێشێکدابو
کە لەچەرمی عەورەتی دایکە رەشەکانمان
دروست کرابو
تا سۆراخمان هات
قازیلقوزات
تەلاٚقمانی لەژنەکانمان خستبو
تا سۆراخمان هات
مناڵەکانمان
دو ـ سێ دانە زڕبرایان زیاد کردبو

ئەی ئەو وەلی ئەمرەی
لەئەزەلەوە مەحکومی بەشەڕنانەوە
ئەی ئەو کەیبانوەی
لەئەزەلەوە مەحکومی بەکۆشهەڵماڵین
من وا تاڵبوم
پێکەنینم لێنایێ
خوا بەجۆرێ عەبوس بوە
ناپەرستێ
شەڕێکمان کرد
رومان نەیێ ئاشتبینەوە

بڕۆ بەلای ژنەکانتەوە
ئەی ئەو گۆڕهەڵکەنەی
خەمتە ژمارەی کوڕەکانت زیادکەیت
تا ریزە قەبری بنەماڵەکەت درێژترکەیتەوە

وەرە ئەی ئەو کچەی
پێویستە دەستوری پەیوەندیەکانمان بگۆڕین
با بۆ دواجار

بەدەنگی بەرز بدەینە قاقای گریان
گوژم بخۆینەوەو
تا دەستمان دەگا
دەرپێکانمان توڕدەین
وەرە با ئەو کاسە هەنگوینەی
تاڵی کردوم و
وەکو پیسایی پشیلە
کوناوکون لێم شاردویتەوە
بڕژمە ناو رۆحی گەرمت

پێغەمبەرەکان
کە چوونە شەڕەوە تەنها دۆڕاندینیان
ئەوە تۆ نییت
زەینت ناچێتەوە سەر یاریەکانی مناڵیت
ئەوە من نیم
شتەکان تەنها لەسکوندا دەبینم

ئەی ئەو ژنەی
پێویستە یاسای جوتبونمان بگۆڕین
لەسزای قیامەت بگەڕێ
هەریەکەمان ساوایەکی هەیە لەوێ
گڵ لەبەرزاییەکانی دۆزەخەوە ببا
پردی سیرات
بۆ دایك و باوکی پانتزکا

ئەی ئەو ژنەی
پێویستە زمانی ناوجێمان بگۆڕین
نەوەی ئادەم لەگەردوندا
تەنهاو تەنها من و تۆ ماوینەتەوە
با بڕیاردەین
لەجیاتیی شەڕ بنێینەوە
ئینقیرازکەین

من و تۆ
هاوڕێم ...
من و تۆ

هاوسەرم
من و تۆ ...

پێغەمبەرەکان دەمێکە داوینیان بەکوشت
بەو ناونیشانەی
بێدەرپێ هاتینە ناویان
ئەوان دەرپێیان کردینە پێ
بۆ ئەوەی بمانبەنە شەر

هەڵسە
هێواش هێواش
پێیەکانت
بەدزیی رۆژگارە
پڕ لەهاتوهەراکانەوە هەڵبگرە
ئەمە ئەو چاخە مرواریییە یە کە تەکنەلۆجیا
لەسەر داخوازیی گروپەکان
هەزاران گوێڕایەڵی هاوشێوەی هەڵهێنا
من و تۆ کە ئێستا
شێوەمان دەچێتەوە سەر ئەهریمەن
بیانوی مانەوەمان نەماوە
هەڵسە
با هێواش هێواش
بەژێر لوتی
میلیشیا دەرپێپارێزەکاندا پێچی لێدەین
تازە
ئەم سەعاتانە زەمبەلەکەکانیان پچڕاوەو
بەرەودوا خاو دەبنەوە
تازە
خەڵکی ئەم نیوەدۆرگەی ڕشانەوەیە
چایەك دەنکە حەب و مەرگەموشی لەبندا نەبێ
پێیان ناخورێتەوە
تازە
مەتەڵی ئەم قوماربازانە بەئێمە هەڵنایە
تازە
دایکی منالە پاکیزەییەکانیان نایەژێر
هەڵسە

کەس لەخۆت بەخەبەر مەهێنە
خواحافیزی
لەسەوزترین شەڕی عەشق مەکە
پێهەڵگرە
بەرەو کەنارەکانی
تەماویترین مەملەکەت
بەرەو ئەو خەون و خەیاڵەی
لەداڵغەی
پ ی ا و ك و ژ د ا
ن ی ی ە

کۆتایی ئایار و سەرەتای حوزەیرانی [illegible]
سلێمانی

# ئەندازیاری کوشتارگاکان

هەروەها دەشمزانی
مردن چەند خۆشە
بەمەرجێ مرۆڤ
لەناو لەوحەیەکی چوارچێوەداردا نەنێژری
ژیان چەند خۆشە
بەمەرجێ
فرسەتە جوانەکانی مردنی
تێدا لەکیس نەدرێ
بەو خەیاڵەوە
عەقڵم کوشتارێکی زۆری لەسێو کرد
عەتفم کوشتارێکی زۆری لەدڵ کرد
عەقڵ و عەتفم
لەبەینی خۆیاندا
کوشتارێکی زۆریان لەیەك کرد
ناچار جارێکیان
لەکاتێکدا هەنسك و تورەیی
بەری ئیمانیان گرتبوم
پرمدایە گوێچکەی ئەندازیاری ئەم کوشتارگا بەردەوامە
دەمویست لێی بپرسم :
تاکەی عەقڵ و عەتفت دەستیان بچێتە خوێنی یەك ؟
تاکەی هەر لەیەك دەرگاوە
خۆکەیتەوە بەماڵی مەرگ و ژیاندا ؟

لەو بگرەو بەردەیەدابو
ئاخرین پرزۆلی هەناسەم
بەئاسمانەوە پێکراو
سەرا پا هەرەسم بردە بەرپێیەکانی ئەندازیار
کە هۆشم هاتەوە
گوێی خۆمم لەبندا دەرهێنابو
تەمەنم خەڵتانی خوێن کردبو
ئیدی لەو رۆژەوە
عەقیدەی ساغ بەلەشم و

دین بە پێمەوە نەما
عەقڵ بە پێڵاوم و
سێو بەعەتفمەوە نەما
ئیدی لەو رۆژەوە
ژیان ریخۆڵەیەکی گەنیوە
لەبەرورگمەوە رژاوەو
بەناچاری کێشی دەکەم بەدوای خۆمدا
مردن فرسەتێکی تێپەڕیوەو
یەك تۆسقاڵ رەونەقی لەچوارچێوەکاندا
بۆ منی ئەسیری ناویان بەجێ نەهێشتوە

بەم رۆژگارە
چاوم کوشتار لە ئەشك و
ئەشك کوشتار لەچاومەکا
خوێن کوشتار لەدڵم و
دڵم کوشتار لەخوێن دەکا
لەم بەینەدا
بەدارێکدا هەڵواسراوم
ئەمسەری
لەسەر پایەی عەقیدەیەکی کۆن و
ئەوسەری
لەسەر شانی خوایەکی تازە پیاکەوتو
راگیراوە
بڕوانە چەند منالأنە
هاتومە بەر پەتی قەنارەی
ئەندازیاری کوشتارگاکان

بەم رۆژگارە
هێندەم کوشتار لەخۆم کردوە
بەردی ساغم بەسەر دیواری خەیاڵم و
خەیاڵی رۆشنم
بە پەنجەرەی رۆحمەوە نەهێشتوە

ئەندازیاری کوشتارگاکان
نیشانەیەکی سەرسوڕمان لەچاویا نەماوە
جارەهایێ ار

خۆی هەڵنەکێشابێ لە ئەشك و
لەبەردەم روتبونەوەی عەیارانەی
پرتەقاڵێکی ناو دەستە دڵشکاوەکانیا
توانای ئەبڵەقبونی مابێ
نیشانەیەکی پرسیار لەبیلبیلەیدا نەماوە
بۆ هەتا هەتایە پشتی نەچەمابێتەوەو
بتوانێ سپێدانێکی پشکوتن
خونچەیەك بێنێتە قسە

بەم رۆژگارە
دڵێکم لەلای ژیان و
یەکم لەلای مردن
پێیەکم لەدەرێ و
یەکم لەچوارچێوەدایە
دەترسم بۆ دواجار
بەم حاڵەوە
لەبەردەم هاشوڵی دەقیقەدا
بکشێمەوە
لەولایشەوە
یار بەدەم خەوەوە
چڵبەچڵی پەنجە وشك و رەقەکانمی
بەدرەختی حەوشەکەیانەوە شکاند
بەدەم وەنەوزەوە
تەبەقبەتەبەقی دڵمی
بە پەنجەرەی ژورەکەیەوە
وردوخاش کرد
ئەمێستا تازە مەحاڵە
هیچ دەستێ بتوانێ
دڵی دەستە دڵشکاوەکانم بداتەوە
مەحاڵە هیچ دڵێ بتوانێ
دڵی دڵە دڵشکاوەکانی
ئەندازیاری کوشتارگاکان بداتەوە
هەروەها ئەندازیار دەشزانێ
مردن چەند خۆشە
بەمەرجێ مرۆڤ
لەناو لەوحەیەکی چوارچێوەداردا نەنێژرێ

ژیان چەند خۆشە
بەمەرجێ
فرسەتە جوانەکانی مردنی
تێدا لەکیس نەدرێ

ئایار- تەمموز□/□□□
سلێمانی